Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هێز و ئایندەی هەرێمی کوردستان لە سایەی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی لێکۆڵێنەوەیەك لە جوگرافیای رامیاریی

**پ.ی.د.احمد رفیق کريم**

**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا**

ahmed.karim@univsul.edu.iq

## پوختە:

دادگای فیدراڵیی یان داگای دەستووریی یان دامەزراوەی چاودێرییکردنی دەستوور، ئەو دامەزراوانەن کە چاودێریی دەستوورییبوونی یاسا و بڕیارە دەرکراوەکانی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێ بەجێ کردن ئەکەن، ئامانج لێیان پاراستنی گیانی دەستوورە لە یەکە رامیارییەکەدا. لە پاش رووخاندنی رژێمی بەعس، دادگای باڵای فیدراڵیی پێکهێنرا، بە مەبەستی چاودێرییکردنی دەستوورییبوونی یاسا و بڕیارەکان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی نێوان دامەزراوە فەرمییەکان و یەکە کارگێڕییەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ. ئامانج لە کردنی ئەم توێژینەوەیە زانینی رادەی کاریگەربوونی دۆخی ئێستا و ئایندەی حوکومەتی هەرێمی کوردستانە لە سایەی ئەو جەنگە یاسایی و دەستوورییەی کە بەرامبەری ئەکرێت. بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی وەسفیی بەستراوە. ئەم توێژینەوەیە یەکەم توێژینەوەیە لە جوگرافیای رامیاریی کە تا ئێستا کرابێت، بەرچاورونیی ئەدات بە سەرکردە سیاسیی یەکان، فەرمان رەواکان، بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دامەزراوە فەرمیی و دادوەرییە بە جۆرێك لە خزمەتی دۆزی نەتەوایەتیی و نیشتیمانیی و کارگێڕیی هەرێمی کوردستان دا بێت. دروستکردنی دادگاکە پێش ئامادە کردنی دەستووریی هەمیشەیی عێراق، گومانی لە دەستوورییبوونی دامەزراوەکە لای هەندێك لە پارتە سیاسیی یەکانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە ، بەڵام ئەم گومانانە نەبونەتە هۆی رێگریکردنی بەردەوامبوونی و دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیار کە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر دۆخی سیاسیی و ئابووریی هەرێمی کوردستان هەبووە و هەیە. جگە لەوەی بە بڕیارەکانیشی، هەرێمیشی خستۆتە بۆشایی یاساییەوە و دەسەڵاتی یاسادانان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی هەڵوەشاندەوە. ئەکرێت لە ئایندەشدا دامەزراوەی تر و تەنانەت قەوارەی هەرێمیش هەڵبووەشێنێتەوە.

**کلیلە وشەکان: دادگای باڵای فیدراڵیی، حوکومەتی هەرێم، هێز، ئایندە، جوگرافیای رامیاریی**

Recieved: 27/6/2024
Accepted: 6/7/2024


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

دادگای دەستووریی بە یەکێك لە گرنگترین دامەزراوە دادوەرییەکانی وولات هەژمار ئەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەو رۆڵەی ئەیبینێت لە چاودێرییکردنی دەستووریبوونی یاسا دەرچوێنراوەکانی دامەزاروە فەرمییەکان، هەر بۆیە ئەم دامەزراوەیە بە پارێزەری راستەقینەی شکۆی دەستوور دائەنرێت لە وڵاتدا (ابراهيم،٢٠٢٢، ص٣٦٠).

ئەم دامەزراوە دادوەرییە وەك هەموو دامەزراوەیەکی تری ئەم وڵاتە بە یاسا درووست بووە، ئەندامەکانی دەستنیشان کراون، جگە لەوەی پەیڕەوێکی ناوخۆشی هەیە بۆ چۆنێتیی کارکردنی. ئەم دامەزراوەیە لە ساتەوەختی دەرچوونی تا ئێستا هەزارەها بڕیاری داوە، بڕیارەکانی کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر دۆخی یاسایی و کارگێڕی و ئابووریی و حوکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە.

### کاتی تویژینەوەکە:

ماوەی بەجێهێنانی توێژینەوەکە بریتییە لە ماوەی نێوان ( ٢٠٠٥/٤/٢٤ - ٣ /٢٠٢٤/٤).

کێشەی توێژینەوە:

کێشەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

١.ئایا هەبوون و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵیی، لە قازانجی دۆزی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کوردستانە؟ ئایا بڕیارەکانی کاریگەریی لەسەر هێزی ئێستا و ئایندەی حوکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟

٢.هۆکاری کارایی دادگای باڵای فیدراڵیی چییە لە ئێستادا؟ کێ لە پشت بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵییە دژی هێزی هەرێمی کوردستان؟

گرنگیی توێژینەوە:

ئەتوانرێ لەم خاڵانەدا گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بخرێنە ڕوو:

١.یەکەم توێژینەوەی پسپۆڕیی جوگرافیای رامیارییە لەسەر کاریگەریی هێزی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی بکرێت بەرامبەر بە هێز و ئایندەی هەرێمی کوردستان.

٢.بەرچاورِوونی ئەدات بە سەرکردە سیاسیی و کاربەدەستانی هەرێم لە مەترسیی و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دامەزاروە دادوەرییە.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانج لە کردنی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

خوێندنەوە بۆ دۆخی ئێستای هێزی حوکومەتی هەرێمی کوردستان لە سایەی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی.

پێشبینییکردن بۆ ئایندەی هێزی هەرێمی کوردستان لە سایەی ئەو گەمە یاساییەی کە لە ڕێی دادگای باڵای فیدراڵییەوە بەرامبەری ئەنجام دەدرێن.

گریمانەی توێژینەوە:

١.هەبوونی دادگای باڵای فیدراڵیی لە قازانجی هێز و مانەوەی قەوارەی هەرێمە، بە مەرجێك یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی هەموار بکرێتەوە بەلەبەرچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان. بە پێچەوانەوە ئامرازێك ئەبێت بۆ لەقاڵبدانی زیاتری هێزی هەرێم.

٢. لە پاش کردنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و لاوازبوونی هەرێم، بڕیارەکانی دادگای باڵا لە دژی هێزی هەرێم و قەوارەکەیەتی، ئەکرێت لە ئایندەشدا زیاتر کاریگەرتر بێت.

٣. پارتە کوردییە ململانێکارەکانی هەرێمی کوردستان و دژەبەرەکانی قەوارەی هەرێم لە دەرەوەی کوردستان، لە پشت کاراکردنی بڕیارەکانی دادگاوەن.

میتۆدی بەکارهاتوو

لە کردنی ئەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەسفیی بەکارهێنراوە.

گرفت و ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:

ناونیشان بابەتی توێژینەوەکە و ئامادەکردنی، هاوکات بوو لەگەڵ دەرکردنی رۆژانەی هەندێک لە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی و لێدوان و بڵاوکراوە و راگەیاندنی دامەزراوە فەرمیی و پارتە کوردستانیی و عێراقیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان، بۆیە پشت بە لینکی فەرمیی ئەلکترۆنیی ئەو کەس و لایەن و دامەزراوانە بەستراوە.

نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بە ناونیشانی توێژینەوە لە هیچ یەکێك لە کتێبخانەکانی کوردستان و کۆماری عێراقی فیدڕاڵ.

پەیکەری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە دوو باس پێکهاتووە ، لە باسی یەکەمدا داگای باڵای فیدڕاڵیی ناسێنراوە و پێکهاتەکەی روونکراوەتەوە، لە باسی دووەمدا بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵیی خراونەتە روو و رەهەندەکانی لەسەر حوکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراوە.

باسی یەکەم: دادگای باڵای فیدڕاڵیی و پێکهاتە و پەیڕەوی ناوخۆیی

لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان، دادگایەك یان دەستەیەك هەیە بە مەبەستی چاودێرییکردن و جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور لە یەکە سیاسییەکەدا.

لە وڵاتە فیدڕاڵەکان جیا لەوەی هەر یەکێك لە ویلایەت یان کانتۆن یان خاکێک یان یەکەیەك یان هەرێمێك دادگای تایبەتت خۆی هەیە بە ناو و ناونیشانی جیاواز، وەك ئەوەی لە دەستووری وڵاتەکەیاندا ئاماژەی پێ کراوە، لە هەمان کاتیشدا، بە پێی هەمان دەستوور دادگایەکی باڵای هەیە، بەڵام ئەمەیان لەسەر ئاستی دەوڵەتەکەیە، کە ئەرك و پێکهاتە و پەیڕەوی ناوخۆیان جیاوازە. کۆماری عێراقی فیدڕاڵییش بەو پێیە وڵاتێکی فیدڕاڵییە، هەمان دادگا بوونی هەیە بە ناوی دادگای باڵای فیدڕاڵیی.

لە هەندێك لە وڵاتانی عەرەبیی، دەستەیەکی سیاسیی هەیە بۆ چاودێرییکردنی دەستوور، زۆر جار بە ناوی ئەنجوومەنی دەستووریی ئەناسرێت، ئەمەش هەمان ئەو میتۆدەیە کە لە فەرەنسا پەیڕەو ئەکرێت، لەو وڵاتە عەرەبییانەش وەك جەزائیر و مەغریب و لوبنان، بەڵام هەندێکی تریان رێ و شوێنی دادوەریی ئەگرنە بەر بۆ چاودێرییکردنی دەستوور، وەك میسر و ئیمارات و کوەیت و یەمەن (الخفاجی و عبدالحسن، ٢٠١٨، ص٢٠٦) .

بۆ روونکردنەوەی زیاتری پێکهاتە و پەیڕەوی ناوخۆ و یاسای دادگاکە، لە چوار تەوەردا ئەیانخەینە ڕوو، کە بریتین لە:-

تەوەری یەکەم: دادگای باڵای فیدڕاڵیی لە عێراق

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ درووستبوونی دەوڵەتی عێراق، ئەبینیین لە هەندێك لەو دەستوورە ئاماددە کراوانەی کە لە میانەی پێکهێنانی حوکومەتە نوێیەکاندا نوسراونەتەوە، ئاماژە بە درووستبوونی دادگای هاوشێوەی دادگای باڵای فیدڕاڵیی ئێستا کراوە، ئامانجی جۆراوجۆریان هەبووە، لەوانەش: لە یاسای بنەڕەتی عێراق(دەستوور)١* لە ساڵی١٩٢٥ لە ماددە ی هەشتا و یەکدا ئاماژە بە درووستبوونی دادگای باڵا کراوە، پسپۆری دادگاکە دیاریکراوە کە خۆی بینییوەتەوە لە دادگایکردنی وەزیرەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئوممە (ئەنجوومەنی پیران، ئەنجوومەنی

١ * - لە ئێستادا بەرکار نیە.

نوێنـەران) و تۆمەتبـاران بـە تاوانـی سیاسـیی و ئـەو تاوانانـەی پەیوەسـتن بـە فەرمانبەرانـی گشـتیی و دادگایکردنـی دادوەرانی دادگای پێداچونـەوە لـە پای ئـەو تاوانانـەی لـە میانـەی کردنی کاروبارەکانیـان ئەیکـەن و بڕیاردان لەسـەر ئـەو ئیـش و کارانـەی کـە پەیوەسـتن بـە شـیکردنەوەی یاسـاکان و پەسـەندکردنی یاسـای بنەڕەتیی(جهـاز المخابـرات الوطني، بـدون سـنة الطبـع، بـدون رقـم الصفحـة).

لـە مـاددە ی ٩٣ دەسـتووری کاتیـی سـاڵی١٩٦٤ هاتـووە ، ئەنجوومەنـی دەوڵـەت بـە یاسـا پێـك ئەهێنرێـت و بەرپرسـیارە لـە دەسـەڵاتی دادوەریـی و کارگێڕیـی و دارشـتنەوە و پێداچونـەوە و لێکدانـەوەی یاسـا و ڕێسـاکان(مجلس القضـاء الاعلى ، ص١٠).

هەروەهـا لـە مـاددە ی هەشـتا و حەوتـی دەسـتووری کاتیـی سـاڵی١٩٦٨ دا ئامـاژە بـە درووسـتکردنی دادگایەکـی دەسـتووریی باڵا کـراوە بـۆ روونکردنـەوەی حوکمەکانـی دەسـتوور و بڕیـاردان لـە دەسـتووریبوونی یاسـاکان و شـیکردنەوەی یاسـا کارگێڕیـی و ئابوورییـەکان و بڕیـاردان لەسـەر سـەرپێچییکردنی یاسـا و ئـەو بڕیارانـەی کـە دەرئەکرێـن. بڕیارەکانیشـی یەکلاکـەرەوە بـوون(٩٥.IDEA,p).

دادگای بـاڵای فیدراڵیـی باڵاتریـن دادگایـە لـە کۆمـاری عێراقـی فیـدراڵ بـە پێی یاسـای ژمـارە(٣٠) سـاڵی ٢٠٠٥ دامـەزراوە(٢*(، بارەگاکـەی لـە بەغدایـە و کارەکانـی بەشـێوەیەکی پشـت بەسـت بـە یاسـا و سـەربەخۆ جـێ بەجـێ ئـەکات، لـە رووی دارایـی و کارگێڕییـەوە تـەواو سـەربەخۆیە، چاودێرییـکاری یاسـا و بڕیـار و ڕێسـا دەرکراوەکانـی کۆمـاری عێراقـی فیدراڵـە و یەکلاکـەرەوەی ناکۆکییەکانـی نێـوان حوکومەتـی فیـدراڵ و حوکومەتـی هەرێمـەکان و پارێـزگاکان و یەکـە کارگێڕییەکانـە. هەمـو کـەس و لایەنێکـی زیانمەنـدی یاسـا و بڕیـار و ڕێسـاکان ئەتوانێـت تانـەی لـێ پێشـکەش بـکات.

کەواتـە پێکهێنانـی دادگای بـاڵای فیدراڵیـی، لـە پێـش نووسـینەوەی دەسـتووریی هەمیشـەیی عێـراق بـووە، لـە مـاددە ی(١٤٣)ی دەسـتووریی هەمیشـەیی عێـراق هاتووە"یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت بـۆ قۆناغـی گواسـتنەوە و پاشـکۆکەی هەڵئەوەشـێتەوە لـە پـاش پێکهێنانـی حکومەتـی نـوێ جگـە لـە بڕگـەی (أ)ی مـاددە ی (٥٣) و مـاددە ی (٥٨)".(مجلـس النـواب العراقـي، بـدون سـنة، بـدون رقـم الصحفـة) ، کەواتـە سـەرجەمی مـاددە کانـی دیباجـەی یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی عێراقیـی لـە قۆناغـی گواسـتنەوە هەڵوەشـاندۆتەوە لـە ناویشـیدا مـاددە ی (٤٤) کـە دادگاکـەی پـێ پێـك هێـنراوە(٣**).

٢ * - یاسـای دادگای فیدراڵـی بـاڵا لـە عێـراق لـە (١١) مـادە پێکهاتـوە، پاڵپشـت بـە مـادەی (چـل وچـوار) لەیاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی عێـراق لـە قۆناغـی گواسـتنەوە و بەمەبەسـتی دروسـتکردنی دامـەزاروە دەسـتورییەکان لـە عێـراق لـە ٢٤/ ٢/ ٢٠٠٥ لـە مـاوەی دەسـەلاتی سـەرۆك وەزیـران (ئەیـاد عـەلاوی) دەکـرا، لـە ژمـارە(٣٩٩٦) وەقائعـی عێراقـی لـە ڕێکەوتـی٣/١٧ / ٢٠٠٥ بڵاوکرایـەوە.

٣ ** - دەربـارەی دەسـتوری بوونـی یاسـای دادگای بـاڵای فیدراڵـی ژمـارە(٣٠) سـاڵی ٢٠٠٥: ئـەم یاسـایە پاڵپشـت بـە حکومەکانـی مـادەی(٤٤)ی یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت بـۆ قۆناغـی گواسـتنەوە دەرچـوو. کاتێـك بـەراوردی دەقـی یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی سـاڵی٢٠٠٤ دەکەیـن بـە دەقـی دەسـتوری سـاڵی ٢٠٠٥ بۆمـان دەردەکەوێـت کـە جیـاوازی زۆر هەیـە لـە نێـوان هـەردوو دەقـە دەسـتورییەکەدا بـە تایبـەت لـە پێکهاتـن و تایبەتمەندییەکانـی دادگا. ئـەوەی تایبەتـە بـە چۆنیەتـی پێکهاتنـی دادگا، لـە یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت لـە قۆناغـی گواسـتنەوە ژمـارەی ئەندامەکانـی بـە (٩) ئەنـدام دیاریکـردوە و ئەرکـی کاندیدکـردن درایـە ئەنجومەنـی بـاڵای دادوەری و هەروەهـا ئەرکـی دانانیـش بـۆ ئەنجومەنـی سـەرۆکایەتی، بـەڵام لـە دەسـتوری سـاڵی ٢٠٠٥دا ژمـارەی دادوەرەکان دیـاری نەکـراوە و جێهێڵـدراوە بـۆ ئـەوەی دواتـر بـە یاسـا ڕێکبخرێـت، مـادەی ٩٢ بەنـدی دووەم. ئەوەشـی تایبەتـە بـە پسـپۆڕییەکانی دادگا، زۆر بـە ئاشـکرا هەسـت بـە جیـاوازی دەکرێـت لـە نێـوان هـەردوو دەسـتورەکەدا، بـە جۆرێـك لـە دەسـتوری سـاڵی ٢٠٠٥دا تایبەتمەنـدی تـازەی بـۆ دانـراوە کـە لـە یاسـای بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت بـۆ قۆناغـی گواسـتنەوە بوونـی نەبـوە، لەوانـەش شـیکردنەوەی دەقـی دەسـتور، یەکلاکردنـەوەی ئـەو تۆمەتانـەی کـە ئاڕاسـتەی سـەرۆك کۆمـار و سـەرۆك وەزیـران دەکرێـن، پەسـەندکردنی ئەنجامـی کۆتایـی هەڵبژاردنـە گشـتییەکان بـۆ ئەندامانـی ئەنجومەنـی نوێنـەران... هتـد.

لەبـەر ئـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە یاسـای دادگای بـاڵای فیدراڵـی دژی حوکمەکانـی دەسـتوری سـاڵی ٢٠٠٥ھ، هەربۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە حوکمـی بەنـدی دوو لـە مـادەی(١٣)ی دەسـتور بـە نادەسـتوری دادەنرێـت. زانیـاری زیاتـر لـە: حمیـد حنـون خالـد، مبـادئ القانـون الدسـتوري وتطـور النظـام السـياسي في العـراق، بغـداد، مكتبـة السـنهوري، ٢٠١٣ ، ص٣٨٠-٣٨١ .

تەوەری دووەم: پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵیی لە عێراق

وەك برگـەی (هــ) مـاددە ی (٤٤)ی یاسـای بەڕێوەبردنـی عێـراق لـە قۆناغـی گواسـتنەوە هاتـووە، دادگای فیدڕاڵیـی لـە نـۆ ئەنـدام پێکدێـت، خشـتەی ژمـارە(١)، سـەرەتا ئەنجوومەنـی بـاڵای دادوەریـی بـە راوێـژ لەگـەڵ ئەنجوومەنـی دادوەریـی هەرێمـەکان، هــەژدە بــۆ بیســت و حــەوت دادوەر هەڵئەبژێریــن بــۆ پڕکردنــەوەی بۆشــاییەکانی دادگای فیدڕاڵیــی، بـە هەمـان میکانیـزم سـێ دادوەر کاندیـد ئەکرێـت بـۆ پڕکردنـەوەی هـەر پۆسـتێکی بەتـاڵ کـە بەهـۆی مـردن یـان دەستلەکارکێشـانەوە یـان کارکەنارخسـتن(العزل) درووسـت ئەبێـت . ئەنجوومەنـی سـەرۆکایەتی ئەندامانـی دادگای بـاڵا دائەمەزرێنێـت و یەکێکیـان وەك سـەرۆك دیـاری ئـەکات. لـە ئەگـەری ڕەتکردنـەوەی دامەزراندنـی هـەر دادوەرێـك، ئـەوا ئەنجوومەنـی بـاڵا گرووپێکـی تـر کاندیـد ئـەکات کـە لـە سـێ دادوەر پێکهاتبن(سـلطة الائتـلاف المؤقـت، ٢٠٠٤).

خشتەی ژمارە (١)

زانیاریی لەسەر ئەندامانی دادوەرانی دادگای باڵای فیدڕاڵیی

| ژ. | ناوی دادوەران | نەتەوە | پۆست | ساڵ | | | بڕوانامە | توێژینەوەی زانستیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | لەدایکبوون | دەستبەکاربوون وەك دادوەر | دەستبەکاربوون لە دادگای باڵای فیدڕاڵیی | | |
| 1 | جاسم محمد عبود حمادی | عەرەب | سەرۆك | 1964 | 2001 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 3 |
| 2 | سەمیر عباس محمد عنتر | عەرەب | جێگر | 1970 | 2002 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 3 |
| 3 | غالب عامر شنین مظلوم | عەرەب | ئەندام | 1969 | 2001 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 5 |
| 4 | حیدر جابر عبد جاسم | عەرەب | ئەندام | 1970 | 2001 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 3 |
| 5 | حیدر علی نوری حسون | عەرەب | ئەندام | 1971 | 2001 | 2021 | دکتۆرا | 4 |
| 6 | خلف احمد رجب شیخ | عەرەب | ئەندام | 1968 | 1999 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 3 |
| 7 | ایوب عباس صالح | عەرەب | ئەندام | 1965 | 1999 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 3 |
| 8 | عبدالرحمن سلیمان علی | کورد | ئەندام | 1972 | 2002 | 2021 | دکتۆرا | 3 |
| 9 | دیار محمد علی محمد | کورد | ئەندام | 1958 | 2004 | 2021 | بەکالۆریۆس | 1 |
| 10 | عادل عبدالرزاق عباس محمد | عەرەب | یەدەک | 1967 | 1999 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 3 |
| 11 | خالد طه احمد ظاهر | عەرەب | یەدەک | 1963 | 2002 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 4 |
| 12 | منذر ابراهیم حسین عبد علی | عەرەب | یەدەک | 1963 | 1999 | 2021 | دبلۆمی باڵا | 3 |

جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، سيرة ذاتية لاعضاء المحكمة الاتحادية العليا.

.٥February٢٠٢٤,/https://www.iraqfsc.iq/cvethadea.php

وەك لـە خشـتەی(١) ئەبینیـن ، دادوەر دیـار محمـد علـی لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٥٨ھ، واتـە (٦) سـاڵ لـە سـەرۆك و (١٢) سـاڵ لـە جێگـری سـەرۆك بەتەمەنتـرە، جگـە لـەوەی دادوەر عبدالرحمـن سـلیمان علـی بڕوانامـەی دکتـۆرای هەیـە٤*، بـەڵام سـەرۆك و جێگرەکـەی بڕوانامـەی دبلۆمـی باڵایـان هەیـە. دادوەران خلـف احمـد رجـب و ایـوب عبـاس صالـح و عـادل عبدالـرزاق عبـاس لـە سـاڵی(١٩٩٩) دادوەریـی ئەکـەن، بـەڵام سـەرۆك لـە سـاڵی (٢٠٠١) و جێگرەکـەی لـە سـاڵی(٢٠٠٢)

---

٤ * - دادوەر عبدالرحمــن ســلێمان زێبــاری، ئەندامــی دادگای بــاڵای فیدڕاڵــی و نزیــك لــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە ڕۆژی ٢٠٢٤ /٣/١٢ لــە ڕێگــەی یاداشــتێکەوە کــە لــە چــوار خاڵــدا ڕوونــی کردبــۆوە، دەستلەکارکێشــانەوەی لــە ئەندامێتیــی دادگای بــاڵای فیدڕاڵــی راگەیانــد، هــۆکاری دەستلەکارکێشــانەوەکەی گەڕاندبــۆوە بــۆ ئــەو زنجیــرە بڕیارانــەی کــە لــەم دواییــەدا لــە لایــەن دادگای فیدڕاڵــی دەرکــراون، کــە مەیلــی هەیــە بــە ئاڕاســتەی بــەرەو مەرکەزیبوونــی شــێوازی فەرمانڕەوایــی لــە عێــراق و ســوورنەبوونی دادگا لــە پارێزگارییکــردن لــە دەســەڵاتەکانی هەرێــم وەك ئــەوەی لــە وڵاتانــی فیدڕاڵــی پەیــڕەو ئەکرێــت و کارنەکــردن بــە مەبدەئــی فیدڕاڵیــی و مەبدەئــی جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکان و نەبونــی کاریگەریــی دەنگــی هــەردوو دادوەرە کوردەکــە لــە ســەر ئەنجامــی بڕیارەکانــی دادگای بــاڵای فیدڕاڵیــی. زێبــاری، عبدالرحمــن ســلیمان،٢٠٢٤، ئەندامێکــی کــوردی دادگای بــاڵای فیدڕاڵــی عێــراق دەســتی لەکارکێشــایەوە، ١٢/ ٣/ ٢٠٢٤.

,13Mar.2024.https://www.krjc.org/Default.aspx?page=article&id=51716&l=3

هەوە دادوەریی ئەکەن. دادوەر غالب عامر شنین(٥) توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە، بەڵام سەرۆك و جێگرەکەی یەکی (٣) توێژینەوەی بڵاوکراوەیان هەیە.

کەواتە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی لە دیاریکردنی پۆستی سەرۆك و جێگری سەرۆکی دادگای فیدراڵیی و ئەندامەکان نە شارەزایی، نە تەمەن، نە بڕوانامە، نە ژمارەی توێژینەوەی زانستی و چالاکیی ئەکادیمیی نەکراون بە پێوەر. ئەمەش ئەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە دامەزراندن و دانانی پۆستەکان "بە ڕێکەوتنی سیاسیی " (محمد امین، ٢٠٢٤)کراوە لەسەر ژمارەی ئەندامان بە پێی پێوەری تری وەك نەتەوە، بیروباوەڕی سیاسیی . ئەمەش لە کاتێکدایە لە بڕگەی(أ) مادده ی(٤٣) دەستووری کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە)سلطه الائتلاف المؤقتة، ٢٠٠٣، ص ١٠٨)ومادده ی (٨٧) دەستووریی هەمیشەیی عێراق (وزارة العدل، ٢٠٠٥، ص١٩)دەسەڵاتی دادوەریی بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ ناسێنراوە. جگە لەوەی وەك لە مادده ی (٧)ی یاسای دادگای فیدراڵیی هاتووە ؛ ئەبێت پێش دەستبەکاربوونی سەرۆك و جێگر و ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵیی، سوێندی یاسایی بخۆن کە کارەکانیان سەربەخۆ و دادوەرانە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان بەڕێوە ببەن ئەگەرچیی لە بڕیاری ژمارە(٨٩/اتحادیة/ ٢٠١٩) خودی دادگاکەشدا هاتووە کە پشك پشکێنەی حزبی کاریگەری نەرێنیی لەسەر دەوڵەت و بەرژەوەندیی گشتیی هەیە و پێچەوانەی پرەنسیپی یەکسانیی نێوان عێراقییەکانە کە لەمادده ی (١٤) دەستوور ئاماژە بە یەکسانیی نێوان عێراقییەکان کراوەتەوە ( المحكمة الاتحادية، ٢٠١٩، بدون رقم الصحفة)

هەبوونی دادوەر بە ڕەگەزی کورد لە پێکهاتەی دادگاکەداکە زۆر گرنگە، بەڵام هەبوونی تەنها دوو دادوەریی کورد بە ڕێژەی (٢٢٪)ی کۆی دەنگی دادوەران، لە ئێستادا هییچ لە دۆخی بڕیاردان ناگۆڕێت. بۆیە هەرگیز ناتوانن بڕیارێك بوەستێنن ئەگەر لە دژی قەوارە و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانیش بێت. چونکە وەك لە مادده ی٣٣ی پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٢٢ هاتووە ، دەنگدان بە زۆرینەی دەنگ ئەبێت، جگە لەو بڕیارانەی کە تایبەتن بە چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان حوکومەتی فیدراڵیی و حوکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانییەکان و، ئیدارە خۆجێییەکان پێویستە دەنگدان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ (بأكثرية الثلثين) بێت.(وزارة العدل، ٢٠٢٢،ص١٩) جگە لەوەی لە پێکهێنانی دادگادا ڕەچاوی پسپۆریی بواری فیقهیی ئیسلام نەکراوە، وەك لە مادده ی (٩٢/دووەم) دەستووریی هەمیشەیی عێراق ئاماژەی پێکراوە و هاتووە ، "دادگای باڵای فیدراڵیی لە ژمارەیەك دادوەر و پسپۆری بواری فیقهیی ئیسلام و یاساناس پێك دێت"(مجلس النواب، بدون سنة، بدون رقم الصحفة). کەواتە لە پێکهاتەی ئێستای دادگای باڵای فیدراڵیی سەرپێچیی دەستووریی تێدایە. بەڕێز حاکم رزگار محمدیش پێی وایە" قانوونە گۆڕاوەکەی ئێستا نادەستوورییە و پێکهاتەی دادگاکەش هەر نادەستوورییە" (محمد امین، ٢٠٢٤)

بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی، بە زمانی عەرەبیین و هییچ بڕیارێکی بە زمانی کوردیی نیە، ئەگەرچیی لە مادده ی(٤)ی دەستووریی هەمیشەی عێراقدا زمانی کوردیی بە زمانێکی فەرمیی لە عێراق ناسێنراوە، لە بڕگەی(ج)ی هەمان مادده دا هاتووە "... دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان"(مجلس النواب، بدون رقم الصحفة) لە ماوەی پێکهێنانی دادگاکە تا ئیستا هییچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی(بڕیار) دەرنەچووە بە زمانی کوردیی، ئەمەش پابەندنەبوونی دادگا پیشان ئەدات بە یەکێکی تر لە بەندەکانی دەستووریی هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ.

جیاوازی لە پێکهاتە و پسپۆریی دادگا هەیە لە نێوان یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەی دەستووریی هەمیشەیی عێراق.

## تەوەری سێیەم: پەیڕەوی ناوخۆ و یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی

لەم تەوەردا مادده و بڕگەکانی پەیڕەو و یاساکانی دادگای باڵا ئەخەینەڕوو، کە بریتین لە:

یەکەم: پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵ:

١.پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵیی ساڵی ٢٠٠٥

پاڵپشت بە حوکمەکانی مادده ی(٩)ی یاسای دادگای فیدراڵیی ژمارە(٣٠) ساڵی ٢٠٠٥، پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵیی لە چوار بەش و (٢٢) مادده پێکهاتووە، لە ژمارە( ٣٩٩٧) ی رۆژنامەی وەقائعی عێراقیی لە رێکەوتی ٢/ ٥/ ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە(الواقائع العراقية، ٢٠٠٥، ص٥-٧) ، ناوەڕۆکەکەی خۆی ئەبینێتەوە لە:

بەشی یەکەم: ناکۆکیی نێوان حوکومەتی فیدراڵ و حکومەتە هەرێمیەکان و کارگێڕیی پارێزگاکان و شارەوانیی و کارگێڕییە ناوخۆییەکان.

ئەم بەشە لە دوو مادده و پێنج بڕگە پێکهاتووە، شێوازی پێشکەشکردنی داوا بۆ دادگای باڵای فیدراڵیی و ئاگاداکردنەوەی داوالەسەرکراو روونکراوەتەوە.

بەشی دووەم: لەبەرچاوگرتنی شەرعیەتی یاسادانان.

ئەم بەشە لە چوار مادده و شەش بڕگە پێکهاتووە، شێوازی رسوومات (پارەدان) روون ئەکاتەوە لە بەرامبەر یەکلاکردنەوەی کەیسەکاندا. جگە لەوەی شێوازی پێشکەشکردنی داوا بەدادگا روونکراوەتەوە ئەگەر داواکار لایەنی فەرمیی بێت، هەروەها ئەبێت بە پێی یاسای رێکاری مەدەنیی(قانون المرافعات المدنية) بێت و لە رێگای پارێزەرەوە بێت و، داواکارییەکە چەند مەرجێکی تێدا دەستەبەر بووبێت کە لە شەش بڕگەدا دیاریکراوە کە بریتین لە:

داواکار ئەبێت لەو بابەتەی پێشکەشی ئەکات بەرژەوەندی ئێستا و راستەخۆ و کاریگەریی هەبێت لە پێگەی یاسایی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا.

داواکار ئەبێت بەڵگە بخاتە ڕوو کە زیانی راستەقینەی پێگەیشتووە لە ئەنجامی ئەو یاسایەی کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەکات.

زیانەکان ئەبێت راستەوخۆ و سەربەخۆ بێت بە رەگەزەکانی و، ئەکرێت لاببرێت ئەگەر بڕیار درا بە نا یاساییبوونی ئەو یاسایی کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەکرێت.

نابێت زیانەکان تیۆریی و ئایندەیی و نادیار بێت.

داواکار سوودی لە هیچ بەشێکی دەقەکە وەرنەگرتووە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەکات.

ئەو دەقەی کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەکرێت لەسەر داواکار جێ بەجێ کراوە یان، ئەویسترێت جێ بەجێ بکرێت.

بەشی سێیەم: تانەدان لە بڕگەکان(الاحکام) و بڕیارەکان.

ئەم بەشە لە دوو مادده پێکهاتووە، شێوازی پێشکەشکردنی داواکار لە رێگای دادگای کارگێڕیی بۆ دادگای فیدراڵیی روون ئەکاتەوە و شێوازی تۆمارکردنی داواکە بە پێی پێشینەی وەرگرتن ئەبێت و، بە پێی یاسا لە تانەکە سەیر ئەکرێت.

بەشی چوارەم: رێکارەکانی بڕیاردان لەسەر داواکاریی و تاندانەکان.

ئەم بەشە لەیەك مادده پێکهاتووە و میکانیزمی کۆبوونەوەی دادوەرانی ئەندام لە ماوەی پانزدە رۆژدا لەسەر کەیسەکە لە لایەن سەرۆکی دادگا روونکراوەتەوە.

پەیڕەوی ناخۆی دادگای باڵای فیدراڵیی ساڵی ٢٠٢٢ (الوقائع العراقیة، ٢٠٢٢، ص٥-٢٢).

پاڵپشت بە بڕگەکانی ماددە ی (٩)ی یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٢٥) ساڵی ٢٠٢١، پەیڕەوی ناوخۆی دادگای فیدراڵیی هەموارکرایەوە لە ژمارە(٤٦٧٩)ی ڕۆژنامەی فەرمیی کۆماری عێراق لە ڕێکەوتی١٣ حوزەیرانی ٢٠٢٢ بڵاوکرایەوە،

هەموارەکە لە پێنج بەش و (٥٣) ماددە پێکهاتبوو، بەشی یەکەم تایبەت بوو بە ئەرکی دادگا و کۆبوونەوە کارگێڕیی لە چوار ماددە پێکهاتووە ، بەشی دووەم تایبەت بوو بە پێکهاتەی دادگا لە ١٣ ماددە پێکهاتووە ، بەشی سێیەم تایبەتە بە ڕکارەکانی دادگا لە ١٥ ماددە پێکهاتووە، هەرچی بەشی چوارەمیشە تایبەتە بە یاسا و بڕیارەکان لە ٨ ماددە پێکهاتبووە، بەشی پێنجەمیش تایبەتە بە حوکمە کۆتاییەکان لە ١٣ ماددە پێکهاتووە .

دووەم: یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی

یاسای دادگای باڵای فیدراڵ، ئەو یاسایەیە کە شێوازی پێکهاتن و ئیش و کارەکانی دادگاکەی تێدا ڕوونکراوەتەوە، لە ساتەوەختی دامەزراندنیەوە تا ساتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، یەك جار یاساکە هەموار کراوەتەوە، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەخەینە ڕوو، ئەوانیش:

یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی

لە داڕشتنی یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی پشت بەستراوە بە بڕگەکانی ماددەی چل و چواری یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە و، بەشی دووەمی پاشکۆکەی(سلطة الائتلاف المؤقت ،٢٠٠٤، ص١٠٩) ، پشتبەست بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا بە:

ماددە ی -١- دادگایەك درووست ئەکرێت بە ناوی دادگای باڵای فیدڕاڵیی، بارەگاکەی لە بەغداد ئەبێت و ئیش و کارەکانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەکات، جگە لە کارکردن بە یاسا ،ناکەوێتە ژێر هیچ دەسەڵاتێکەوە.

ماددە ی -٢- دادگای باڵای فیدراڵیی سەربەخۆیە لە ڕووی ئابووریی و کارگێڕییەوە.

ماددە ی-٣- یەکەم: أ- دادگای باڵای فیدراڵیی لە سەرۆك و جێگر و حەوت ئەندامی ڕەسەن(اصلیین) پێك دێن، لە نێوان دادوەرانی پلە یەك هەڵئەبژێررێن کە بەردەوامن لە خزمەت و ڕاژەی ڕاستەقینەیان لە دەسەڵاتی دادوەریی لە(١٥) ساڵ کەمتر نیە.

ب- دادگا چوار ئەندامی یەدەکی ئەبێت، کە نا متفرغن(خۆتەرخانکردنیان نیە بۆ دادگای باڵای فیدراڵیی) لە نێوان دادوەرانی پۆلی یەکەم هەڵئەبژێررێن کە بەردەوامن لە خزمەت و ڕاژەی ڕاستەقینەیان لە دەسەڵاتی دادوەریی لە(١٥) ساڵ کەمتر نیە.

دووەم: سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی و سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵیی و سەرۆکی دەستگا ی داواکاری گشتیی و سەرۆکی دەستگا ی سەرپەرشتی دادوەریی، سەرۆك و جێگر و ئەندامانی دادگا لە نێوان دادوەرانی کاندید و نوێنەرایەتیی هەرێمەکان هەڵئەبژێرن و ناوەکانیان بۆ سەرۆك کۆمار بەرزئەکەنەوە بە مەبەستی دەرکردنی مەرسومی کۆماریی بۆ دامەزراندنیان لە ماوەیەك ئەوپەری (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەڵبژاردنیان.

ماددە ی-٤- پسپۆری دادگای باڵای فیدراڵیی بریتین لە:

یەکەم: چاودێرییکردنی دەستوورییبوونی یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان.

دووەم: شرۆڤەکردنی دەقە دەستوورییەکان.

سێیەم: بڕیاردان لەو ناکۆکیانەی لە میانەی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیار و ڕێسا فیدراڵییەکانەوە سەرهەڵئەدەن کە

لە لایەن دەسەڵاتی فیدراڵییەوە دەرچووە یاساکە مافی تانەدان بۆ هەر یەك لە ئەنجوومەنی وەزیران و کەسانی پەیوەندییدار بەرجەستە ئەکات بۆ تانەدانی راستەوخۆیان لە دادگا.

چوارەم: بریاردان لەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان حوکومەتی ناوەند و حکومەتە هەرێمییەکان و پارێزگا و شارەوانییەکان و کارگێڕییە ناوخۆییەکان دروست ئەبن.

پێنجەم: بڕیاردان لەو کێشانەی لە نێوان حوکومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکان دروست ئەبن.

شەشەم: بڕیاردان لەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی سەرۆك کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان ئەکرێت.

حەوتەم: ڕاستاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران.

هەشتەم: أ- جیاکردنەوەی ناکۆکیی دەسەڵاتی دادوەریی لە نێوان دەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵیی و دەستە دادوەرییەکانی هەرێم و پارێزگا نەبەستراوەکان بە هەرێمەوە.

ب- جیاکردنەوەی ناکۆکیی دەسەڵاتی دادوەریی نێوان هەریم و پارێزگا نەبەستراوەکان بە هەرێمەکانەوە.

نۆیەم: بە ڕەچاوکردنی تانەدان لە بڕیاری دەرچێنراوی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەرچێنراو بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە مادده ی (٥٢)ی دەستووریی کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە، لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی دەرکردنییەوە.

مادده ی-٥- یەکەم: سەرۆکی دادگا پێش ماوەیەکی دیاریکراو لە سازدانی کۆبوونەوە، بانگهێشتی ئەندامانی ئەکات بۆ کۆبوونەوە لە رێی بانگهێشت نامەیەکەوە کە خشتەی کارنامە و ئەوەی پێویستە لە دۆکیۆمێنت هاوپێچ ئەکرێت، هییچ کۆبوونەوەی دادگا ناکرێت و درووست نابێت هەتا هەموو ئەندامەکانی ئامادده نەبن و، حوکم و بڕیاریش بە زۆرینەی سادە دەرئەچوێنرێت جگە لەو حوکم بڕیارانەی کە تایبەتە بە یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان حوکومەتی فیدراڵی و حوکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانییەکان و کارگێڕییە ناوخۆییەکان درووست ئەبێت. پێویستە بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان دەربچن.

دووەم: بڕیاری و یاسا دەرکراوەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵیی، بڕیاری کۆتایین.

مادده ی- ٦- یەکەم: سەرۆکی دادگای باڵای فیدڕاڵیی و ئەندامەکان مووچە و دەرماڵەی وەزیر وەرئەگرن.

دووەم: هەر یەك لە سەرۆك و ئەندامانی دادگای فیدڕاڵیی لە کاتی دەستبەرداربوونیان لە خزمەت مووچەیەکی خانەنشینی وەرئەگرن هاوتای (٨٠٪)ی کۆی مووچەی مانگانەی هەر یەکەیانە کە وەریان گرتووە لە پێش ئەوەی پەیوەندیان بە کارەکەوە بپچڕێ، لەبەر هەر هۆکارێك جگە لە حاڵەتی دوورخستنەوە بەهۆی تاوانباربوون بە تاوانی شەرەف یان گەندەڵیی یان دەستلەکارکێشانەوە بە بێ رەزامەندبوونی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی.

سێیەم: أ- سەرۆك و جێگر و ئەندامەکانی دادگا بە مەرسومی کۆماریی خانەنیشن ئەکرێن پاش تەواوکردنی تەمەنی (٧٢) ساڵیی بە هەڵاوێردی یاسای خانەنشینی ئەکگرتووی ژمارە(٩) ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو و بڕگەکانی یاسای رێکخستنی دادوەریی ژمارە (١٦٠)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو ئەکرێن، یان هەر یاسایەکی تر کە جێگایان بگرنەوە.

ب- سەرۆك و ئەندامانی دادگای باڵا بە مەرسومی کۆماریی خانەنشین ئەکرێن بە مەرسومی کۆماری ژمارە(٢) دەچوێنراو لە رۆژی یەکەمی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٥ و مەرسومی کۆماریی ژمارە(٣)ی دەرچێنراو لە نۆزدەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ بە پشت بەستن بە برگەکانی یاسای ژمارە(١٦٠)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو و برگەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموار کراو یان هەر یاسایەك کە جێگەیان ئەگرێتەوە بە هەڵاوێرکردنی برگەی (أ)ی ئەم بەندە پاش هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی دادگا بە پێی برگەکانی بەندی

(دووەم) لـە مـادده ی (٣) لـە فەرمانـی جێبەجێکـردن بـە ژمـارە(٣٠) سـاڵی ٢٠٠٥ هەموارکـراو.

مـادده ی-٧-پێـش دەسـتبەکارهەبوونی سـەرۆك و جێگـر و ئەندامانـی دادگا لـە بەردەمـی سـەرۆك کۆمـار، سـوێندنی یاسـایی ئەخـۆن بـەم شـێوەیەی خـوارەوە (سـوێند بەخـوای مـەزن ئەخـۆم کـە کارەکانـم بـە راسـتگۆیی و ئەمانەتـەوە بکـەم و دادوەریـی لـە نێـوان نەیارانـدا بـە شـێوەیەکی راسـت و دادپەروەرانـە و پشتبەسـت بـە بڕگەکانـی دەسـتوور و یاسـاکان و بـە خاوێنیی(دەسـتپاکیی) و بـێ لایەنیـی و پارێزگارییکـردن لـە سـەربەخۆیی و شـکۆ و نەزاهـەت (خاوێنیـی) دادگا و پارێزگارییکـردن لـە دەسـتوور و ئازادییـە گشـتیی و تایبەتـەکان بکـەم. خـودا ئـاگادارە بـەوەی ئەیڵێـم).

مــادده ی -٨- یەکــەم- ســەرۆکی دادگای بــاڵای فیدراڵیــی بەرپرســە لــە بەڕێوەبــردن و، ئــازادە لــەوەی بەشــێك لــە دەســەڵاتەکانی بــدات بــە یەکێــك لــە ئەندامانــی دادگا.

دووەم- سەرۆکی دادگای فیدراڵیی فەرمانبەران دائەمەزرێنێت و سەیری سەرجەم کاروبارەکانیان ئەکات.

مـادده ی-٩- دادگای بـاڵای فیدراڵیـی پەیـڕەوی ناوخـۆی دەرئـەکات و ئـەو ڕێکارانـە دیـاری ئـەکات کـە بەڕێوەچوونـی کارەکان لـە دادگا رێـك ئەخـات و چۆنێتیی پەسـەندکردنی داواکاریـی و ڕێ و شـوێنی دادوەرییکـردن و، ئـەوەی کارئاسـانیی ئـەکات بـۆ جێبەجێکردنـی بڕگەکانـی ئـەم یاسـایە و ئـەو پەیـڕەوە لـە رۆژنامـەی فەرمیـی بڵاوئەکرێتـەوە.

مادده ی-١٠- کار بە هیچ دەقێك ناکرێت ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم یاسایە.

مادده ی-١١- ئەم فەرمانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی ئەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

-هۆکاری دەرکردنی ئەم یاسایە

بـە پێـی بڕگەکانـی مـادده ی چـل و چـواری یاسـای بەرێوەبردنـی دەوڵەتـی عێـراق لـە قۆناغـی گواسـتنەوە و بـە مەبەسـتی درووسـتکردنی دامـەزراوە دەسـتوورییەکان لـە عێراقـدا ئـەم یاسـایە دەرچێنرا.

هەمواری یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی:

لـە بڕیـاری ژمـارە(٢٤) و پاڵپشـت بـە بەندی(یەکـەم) لـە مـادده ی(٦١) و بەنـدی (سـێیەم) لـە مـادده ی(٧٣)ی دەسـتووریی عێـراق لـە ڕێکەوتـی ٢/٦/ ٢٠٢١ یاسـای دادگای فیدراڵیـی هەموارکرایـەوە، بـەم جـۆرەی خـوارەوە:

ژمـارە(٢٥) ی سـاڵی ٢٠٢١، یاسـای هەمـواری یەکـەم( فەرمانـی ژمـارە ٣٠ سـاڵی ٢٠٠٥) یاسـای دادگای بـاڵای فیدراڵیی(جريـدة الوقائع العراقية،٢٠٢١، ص١-٤):

مادده ی-١- دەقی مادده ی(٣)ی یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی هەڵئەوەشتێنرێتەوە و بەم جۆرەی لێ دێت:

مـادده ی -٣- یەکـەم: أ. دادگای بـاڵای فیدراڵیـی لـە سـەرۆك و جێگیـر و حـەوت ئەندامـی بنـەڕەت پێـك دێـت لـە نێـوان ئـەو دادوەرانـەی پۆلـی یەکـەم هەڵئەبژێردرێـن کـە لـە پۆلـی یەکەمـن و لـە خزمەتـدا بەردەوامـن و خزمەتـی راسـتەقینەیان لـە(١٥) سـاڵ کەمـتر نیـە.

ب- چـوار ئەندامـی یەدەکـی ئەبێـت، کـە متفـرغ نیـن لـە نێـوان دادوەرانـی پۆلـی یەکـەم هەڵئەبژێردرێـن کـە بەردەوامـن لـە خزمـەت و خزمەتـی راسـتەقینەیان لـە (١٥) سـاڵ کەمـتر نیـە.

دووەم: سـەرۆکی ئەنجوومەنـی بـاڵای دادوەریـی و سـەرۆکی دادگای بـاڵای فیدراڵیـی و سـەرۆکی دەسـتگا ی داواکاری گشـتیی و سـەرۆکی دەسـتگا ی سەرپەرشـتیاری دادوەریـی هەڵئەسـتن بـە هەڵبژاردنـی سـەرۆکی دادگا و جێگـر و ئەندامـەکان لـە نێـوان دادوەرە کاندیدکـراوەکان هەڵئەبژێـرن لەگـەڵ نوێنەرایەتـی هەرێمـەکان لـە پێکهاتـەی دادگا و ناوەکانیـان بەرزئەکەنـەوە بـۆ سـەرۆك کۆمـار بـۆ دەرکردنـی مەرسـومی کۆمـاری بـە دامەزراندنیـان لەمـاوەی (١٥) رۆژ لـە رۆژی هەڵبژاردنیـان.

مادده ی -٢- مادده ی (٤) هەڵئەوەشێتەوە و بەم جۆرەی لێ دێت:

مادده ی -٤- پسپۆرییەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی بریتین لە:

یەکەم: چاودێرییکردنی دەستووریبوونی یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان.

دووەم: شرۆڤەکردنی دەقەکانی دەستوور.

سێیەم: یەکلایکردنەوەی ئەو کەیسانەی کە لە میانەی جێ بەجێکرنی یاسا فیدراڵییەکان، بڕیار و ڕێسا و ڕێنمایی و ڕێکارە دەرکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵیی درووست ئەبن، یاساکە مافی بە هەر یەکە لە ئەنجوومەنی وەزیران و کەسانی پەیوەندییدار و کەسانی تر ئەدات کە کە راستەوخۆ لە دادگا سکاڵا تۆمار بکەن.

چوارەم: یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان دادگای باڵای فیدراڵیی و حوکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانییەکان و کارگێڕییە خۆجێیەکان دروست ئەبن.

پێنجەم: یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان حوکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان دروست ئەبن.

شەشەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان ئەکرێن.

حەوتەم: پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران.

هەشتەم: أ. یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی دەسەڵاتی دادوەریی، کە لە نێوان دادگای فیدراڵیی و دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێمەکان و پارێزگا نەبەستراوەکان بە هەرێمەوە درووست ئەبن.

ب. یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی دەسەڵاتی دادوەریی لە نێوان دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێمەکان و پارێزگا نەبەستراوەکان.

نۆیەم: چاوخشانەوە بەو تانانەی کە لە بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران ئەدرێت بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە مادده ی(٥٢)ی دەستووریی کۆماری عێراقی فیدراڵیی ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە دەرچوونیەوە.

مادده ی-٣- دەقی بەندی (سێ) لە مادده ی(٦)ی یاساکە هەڵئەوەشێنرێتەوە و هەموار ئەکرێت بۆ:

مادده ی- ٦- سێیەم: أ- سەرۆك و جێگر و ئەندامانی دادگا پاش تەواوکردنی (٧٢) ساڵی بە فەرمانی سەرۆکایەتی خانەنشین ئەکرێن بەدەر لە حوکمەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو بە ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو و بڕگەکانی یاسای ڕێکخستنی دادوەریی ژمارە(١٦٠) ی ساڵێ ١٩٧٩ی هەموارکراو یان هەر یاسایەکی تر کە شوێنی بگرێتەوە.

ب- سەرۆك و ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵیی خانەنشین ئەکرێن بە پێی فەرمانی کۆماری ژمارە(٢) دەرکراو لە یەکی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٥ و فەرمانی سەرۆکایەتیی ژمارە(٣٠) دەرکراو لە نۆزدەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ پاڵپشت بە حوکمی یاسای ژمارە(١٦٠)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو و بڕگەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٤ ی هەموارکراو یان هەر یاسایەکی تر کە شوێنیان بگرێتەوە بە دەر لە بڕگەی (أ)ی ئەم بەندە پاش هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی دادگا بە پێی بڕگەکانی بەندی (دووەم) لە مادده ی (٣) ی فەرمانی یاسا دانانی ژمارە(٣٠)ی ساڵی٢٠٠٥ی هەموارکراو.

مادده ی-٤- دەقی مادده ی (٧)ی هەڵئەوەشێنرێتەوە و ئەبێت بە:

مادده ی- ٧- سەرۆك و جێگر و ئەندامانی دادگا پێش دەستپێکردن بە ئەرکەکانیان لەبەردەمی سەرۆکی کۆمار سوێندنی یاسایی ئەخۆن بەم ناوەڕۆکە(سوێند بە خوای مەزن کارەکانم بە راستگۆیی و ئامانەت و دادپەروەرانە لە

نێوان نەیارەکانـدا بکـەم حوکمەکانـی دەسـتوور بـە جـێ بەجـێ بکـەم بـە خاوێنـی و بـێ لایەنـی و پارێزگاریکـردن لـە سـەربەخۆیی و شـکۆ و خاوێنـی و دادگا و پارێزگارییکـردن لـە ئازادییـە گشـتیی و تایبەتـەکان ئەکـەم و خـودا شـاهیدە کـە چـی ئەڵێـم).

مـاددە ی-٥- ئەگـەر سـەرۆکی دادگا یـان جێگـری سـەرۆك یـان ئەندامانـی دادگای فیدراڵیـی لەبـەر هـەر هۆکارێـك نەیانتوانـی سـوێندی دەسـتووریی بخـۆن یـان، لەبـەر هـەر هۆکارێـك فەرمانـی کۆمارییـان بـۆ دەرنەچـوو بـۆ دەستنیشـانکردنیان، سـەرۆك و جێگـر و ئەندامانـەکان و یەدەکەکانـی دادگای فیدراڵیـی لەبـەردەم سـەرۆکی ئەنجوومەنـی نوێنـەران سـوێندی دەسـتووریی ئەخـۆن بـە شـێوەیەك کـە لـەم یاسـایەدا ئامـاژەی پێکـراوە و فەرمانـی پەرلەمانـی بـۆ دەستنیشـانکردنیان دەرچێـت لەمـاوەی (١٥) رۆژدا.

ماددە ی-٦- لە پێکهاتنی دادگادا رەچاوی هاوسەنگی دەستووریی نێوان پێکهاتەکانی عێراق ئەکرێت.

مـاددە ی-٧- دادگا سـکرتێری گشـتیی ئەبێـت، کـە ئەزمونـی لـە (١٠)سـاڵ کەمـتر نەبێـت لـە بـواری یاسا، هەمـان پلـە و دەسـەڵاتی بریـکاری وەزیـری هەیـە.

مـاددە ی-٨- یەکـەم: ئـەم یاسـایە لـە رێکەوتـی پەسـەندکردنی لـە ئەنجوومەنـی نوێنـەران لـە رێکەوتـی ١٨/ ٣/ ٢٠٢١وە ئەچێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

دووەم: ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمیی بڵاو ئەکرێتەوە.

هۆکاری دەرکردنی ئەم یاسایە

بەهـۆی بڕیـاری یاسـای دادگای بـاڵای فیدراڵیـی و نادەسـتوورییبوونی مـاددە ی(٣)ی فەرمانـی یاسـایی ژمـارە(٣٠)ی سـاڵی ٢٠٠٥ و بـە مەبەسـتی هەڵبژاردنـی سـەرۆکی داگا و جێگـر و ئەندامـە تـازە و ئەندامـە یەدەکەکانـی و بـۆ پیادەکردنـی دەسـەڵاتەکانی خـۆی بـە پێـی برگەکانـی دەسـتوور ئـەم یاسایە دەرچێـنرا.

لێـرەدا ئەگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی کـە مـاوەی(١٧) سـاڵ دادوەریـی بـە یاسـایەك کـراوە، کـە مـاددە ی نـا دەسـتووریی تێـدا بـووە. جگـە لـەوەی برگـەی دووەمـی مـاددە ی سـێی یاسـای دادگای بـاڵای فیدراڵیـی هەڵەیـە، سـەرۆکی دادگا، سـەرۆکی دادگا هەڵنابژێرێـت.

باسی دووەم: بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی

بڕیارەکانـی دادگای فیدراڵیـی جۆراوجـۆرن لـە ساتە وەختـی دامەزراندنـی (٢٤/٤/ ٢٠٠٥- ٢٠٢٤/٤/٣) سـەدان بڕیـاری جـۆر و جـۆری دەرکـردووە، لـە خشـتەی ژمـارە(٢) و شـێوەی ژمـارە(١) زانیـاری زیاتـر لەسـەر جـۆر و ژمـارەی بڕیـارەکان بـە پێـی سـاڵەکان خراوەتـە روو.

خشتەی ژمارە(٢)

پۆلێن و ژمارە و ڕێژە(١٠٠٪) بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی لەنێوان ساڵانی(٢٠٠٥- شوبات٢٠٢٤)

| ساڵی بڕیار | بۆلێنی بڕیار: چاودێریکردنی دەستوور | شرۆڤەکردنی دەستووریی | (دادگای کارگێریی)- بڕیارە دەکراوەکان بە پێی پسپۆڕیی پێشووی دادگای باڵای فیدراڵیی | بڕیاردان لە بوارەکانی جێبەجێکردنی یاسا و ناکۆکییەکانەوە | بڕیاردان لەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران ئەکرێن | پەسەندکردنی هەڵبژاردەکان و بڕیاردان لەسەر درووستی ئەندامێتی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران | پسپۆڕیی هاتو لە یاساکانی تر | داواکاریی جیاجیا | کۆ: ژ. | کۆ: (100%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2005 | 5 | 0 | 32 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 37 | 1.3 |
| 2006 | 20 | 1 | 36 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 57 | 2 |
| 2007 | 14 | 17 | 23 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 54 | 2 |
| 2008 | 26 | 11 | 80 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 117 | 4 |
| 2009 | 38 | 33 | 121 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 192 | 6،6 |
| 2010 | 50 | 34 | 125 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 209 | 7 |
| 2011 | 75 | 27 | 103 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 205 | 7 |
| 2012 | 59 | 20 | 165 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 244 | 8،4 |
| 2013 | 86 | 21 | 122 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 229 | 8 |
| 2014 | 88 | 21 | - | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 109 | 3،8 |
| 2015 | 80 | 24 | - | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 104 | 3،6 |
| 2016 | 48 | 23 | - | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 71 | 2،5 |
| 2017 | 93 | 19 | - | 0 | 0 | 0 | 2 | 0 | 114 | 4 |
| 2018 | 134 | 35 | - | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 169 | 5،9 |
| 2019 | 101 | 15 | - | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 117 | 4 |
| 2020 | 36 | 4 | - | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 41 | 1،4 |
| 2021 | 93 | 89 | - | 3 | 2 | 0 | 0 | 15 | 202 | 7 |
| 2022 | 67 | 10 | - | 49 | 1 | 32 | 8 | 100 | 267 | 9،2 |
| 2023 | 122 | 7 | - | 49 | 0 | 23 | 0 | 98 | 299 | 10،3 |
| 2024* | 14 | 3 | - | 11 | 0 | 2 | 0 | 25 | 55 | 2 |
| کۆ(ژ.) | 1249 | 414 | 807 | 112 | 3 | 57 | 10 | 240 | 2892 | 100% |
| کۆ(%) | 43.2 | 14،3 | 28 | 3.8 | 0.1 | 2 | 0.3 | 8.3 | 100 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەگرتن لە: جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، (بدون سنة)تصنيفات قرارات المحكمة الاتحادية العليا

٢٠٢٤.٢٠Feb,https://www.iraqfsc.iq/ethadai.php

* بەهۆی کۆتاییهاتنی توێژینەوەکە داتای تا ڕێکەوتی ٣نیسانی ٢٠٢٤وەرگیراوە.

شێوەی ژمارە(١)

کۆی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی لەنێوان (٢٩/٥/ ٢٠٠٥-٣/٤/ ٢٠٢٤)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەگرتن لە خشتەی ژمارە(٢)

وەك لە خشتەی ژمارە(٢) ئەبینین ، دادگای فیدراڵیی زۆرترین بڕیاری بۆ چاودێرییکردنی دەستوور بووە کە (١٢٤٩) بڕیارە و ڕێژەی (٤٣،٢٪) کۆی بڕیارەکانی پێکهێناوە، پاشان بڕیارە دەرکراوەکانی تایبەت بە دادگاری کارگێریی بە پلەی دووەم هاتوون و ژمارەیان(٨٠٧) بڕیار وڕێژەی(٢٨٪)بڕیارەکانی دادگاکەی پێکهێناوە، هەروەها سێیەم زۆرترین بڕیاری (٤١٤) بڕیار و ڕێژەی (١٤،٣٪) بڕیارە دەرکراوەکانی بۆ شرۆڤەکردنی دەستوور بوە،(٢٤٠) بڕیار و ڕێژەی (٨،٣٪)ی کۆی بڕیارەکانیشی بۆ داواکاریی جیاجیا بووە. ئەمەش چوارەم زۆرترین بڕیاری دەرکراوی پێکهێناوە، پاشان(١١٢)بڕیار و ڕێژەی (٣،٨٪)ی کۆی بڕیارەکان بۆ بوارەکانی جیبەجێکردنی یاسا و ناکۆکییەکان بووە، کە پلەی پێنجەیەمیینی بڕیارەکانی پێکهێناوە. شەشەمین زۆرترین بڕیاری بریتی بووە لە (٥٧) بڕیار و ڕێژەی (٢٪)ی کۆی بڕیارەکانی بۆ پەسەندکردنی هەڵبژاردنەکان و بڕیاردان بووە لەسەر درووستیی ئەندامێتی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، هەرچی بڕیاری تایبەت بە پسپۆری هاتوو لە یاساکانی ترە ژمارەکەیان(١٠) بڕیارە و ڕێژەی (٠،٣٪)ی کۆی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی پێکهێناوە بە پلەی حەوتەمینی بڕیارەکانی دادگاکە دێن. کەمترین بڕیاریشی تایبەت بووە بە بڕیاردان لەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران کراون کە تەنها(٣) بڕیار بووە و ڕێژەی(٠،١٪) کۆی بڕیارەکانی دادگای پێکهێناوە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ساڵی٢٠١٣، ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی بڕیارە دەرکراوەکانی دادگای فیدراڵیی ڕووی لە زیادبوون کردووە لە (٣٧) بڕیار و ڕێژەی(١،٣٪) بڕیارەکانی ماوەی توێژینەوەکە زیادی کردووە بۆ(٢٤٤) و ڕێژەی (٨٪) بڕیار، ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و بەرقەراربوونی زیاتری ئارامیی و ئاسایش و بەهێزبوونی ڕۆڵی دەستگا فەرمییەکانی حکومەتە عێراقییەکان. بەڵام لە نێوان ساڵانی(٢٠١٤- ٢٠١٦) ژمارەی بڕیارەکانی دادگا ڕووی لە کەمیی کردووە لە (٢٢٩) و ڕێژەی (٣،٨٪)ی بڕیارەکان دابەزیوە بۆ(٧١) و ڕێژەی (٢،٥٪) کۆی بڕیارەکان.

هـۆکاری سـەرەکییش بـۆ کەمبوونـەوەی ڕۆڵـی دادگا، شـڵەژانی دۆخـی ئاسـایش و سیاسـیی و سـەربازیی ی و ئابووریـی کۆمـاری عێـراق و کەوتنـی شـاری موسـڵ و شـارەکانی تـری ناوچـە عەرەبنشـینە سونییەکان بـوو لەلایـەن هێزێکـی نوێـی ڕادیـکاڵ و دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی نـوێ بەنـاوی دەوڵەتـی ئیسـلامیی لـە عێـراق و شـام(داعش). بـە جۆرێـك لـە سـەرەتای دەرکەوتنیـان لـە١٥ی مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ٢٠١٤ تـا مانگـی تەمـووز توانیـان (٤٠٪) خاکـی عێـراق داگیـر بکەن(الحرة، ٢٠١٧). لـە نێـوان سـاڵانی(٢٠١٧- ٢٠١٩) جارێکـی تـر ژمـارەی بڕیـارە دەرکـراوەکان زیـاد ئـەکات و لـە نێـوان (١١٤- ١٦٩) بڕیـار و ڕێـژەی (٤٪) کـۆی بڕیارەکانـە. لـەم ماوەیـەدا دۆخـی ئاسـایش و سـەربازیی بـەرەو جێگیریـی زیاتـر هەنـگاوی نـاوە و کۆتایـی بـە داعـش هێـنراوە.

لەسـاڵی ٢٠٢٠ بڕیـارەکان جارێکـی تـر بـەرەو کەمبوونـەوە ئەچـن و ئەگاتـە (٤١) و ڕێـژەی (١،٤٪) بڕیـارەکان، ئەمـەش بەهـۆی شـڵەژانی جارێکـی تـری دۆخـی ئاسایشـی عێـراق و سـەرهەڵدانی خۆپیشـاندانی ملیۆنـی بـە نـاوی خۆپیشـاندانی تشریـن لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی٢٠١٩ لـە پایتەخـت و شـارەکانی تـری عێـراق و، تەنانـەت دەستلەکارکێشـانەوەی سـەرۆك وەزیـران عـادل عبدالمهـدی بەهـۆی فشـاری خۆپیشـاندەرانەوە و، پێکهێنانـی حکومەتێکـی نـوێ لـە لایـەن مسـتەفا کازمیـی و بڵاوبونـەوەی پەتـای کۆرۆنـا. پاشـان تـا سـاڵی (٢٠٢٣) جارێکـی تـر ژمارەکـە سـاڵ لـە دوای سـاڵ بـەرەو زیادبـوون هەنـگاو ئەنێـت و ئەگاتـە (٢٩٩) و ڕێـژەی (٣,١٠٪)کـۆی بڕیارەکانـی مـاوەی توێژینەوەکـە، ئەمـەش زۆرتریـن بڕیـارە لـە سـاڵێکدا لـە لایـەن دادگای فیدراڵییـەوە دەرکرابێـت. جێگیربوونـی دۆخـی ئابووریـی و سیاسـیی و سـەربازیی و بەهێزبوونـی دامـەزراوە فەرمییەکانـی عێـراق، هـۆکاری سـەرەکیی بەهێزبوونـی ڕۆڵـی دادگاکـە بـووە.

لێـرەدا ئەگەینـە ئـەو ڕاستییەی بڕیـارە دەرکراوەکانـی دادگا بەگشـتیی ڕوویـان لـە زیادبـوون کـردوە جگـە لـە هەندێـك سـاڵ نەبێـت، ژمـارەی بڕیـارە دەرکـراوەکان لـە سـاڵی ٢٠٢٣ بـە ڕێـژەی (٧٢١٪) بڕیـارە دەرکراوەکانـی سـاڵی ٢٠٠٥ هـ کـە سـاڵی پێکهێنانـی دادگاکەیـە. کەواتـە سـاڵ لـە دوای سـاڵ، ڕۆڵـی ئـەم دادگایـە زیاتـر و فراوانتـر بـووە .جگـە لـەوەی ڕۆڵـی دادگا و ژمـارەی بڕیارەکانـی ڕاسـتەوانەیە لەگـەڵ جێگیـری و سـەقامگیری سیاسـیی و سـەربازیی و ئابووریـی کۆمـاری عێراقـی فیـدڕاڵ.

باسی سێیەم: دەرئەنجامی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵیی لەسەر هێزی حوکومەتی هەرێمی کوردستان

بڕیاڕەکانـی دادگای فیدڕاڵیـی لـە ڕواڵەتـدا تەنهـا ڕێکارێکـی یاسـایی و دەسـتووریین و ئامانجـی سـەرەکییش لێیـان، تەنهـا دەسـتوورییبوونی بڕیارەکانـە. بـەڵام بڕیـارەکان کاریگەرییەکـی گەورەیـان لەسـەر هێـز و توانـای حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هەبـووە و هەیـە، بـە پێچەوانەشـەوە، بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتـری ئـەم باسـە دابەشـی ئەکەیـن بـۆ دوو مـاوەی جیـاواز، ئەوانیـش:

یەکـەم: بڕیارەکانـی دادگای بـاڵای فیدڕاڵیـی لـە نێـوان (یەکـەم بڕیـار- ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان)(٢٤/ ٤/ ٢٠٠٥ - ٢٥/ ٩/ ٢٠١٧)

بەهـۆی بـەرزی پێگـەی سیاسـیی و سـەربازیی و ئابووریـی و دیبلۆماسـیی هەرێمـی کوردسـتان، لـەم ماوەیـەدا کـە(١٢) سـاڵە (١,٦٦٩) بڕیـار و(٥٧,٧٪) کـۆی بڕیارەکانـی داگای بـاڵای فیدڕاڵیـی لەمـاوەی توێژینەوەکـەدا، هیـچ بڕیارێـك لـە دژی قـەوارەی هەرێـم دەرنەکـراوە. لەکاتێـکـدا:

١.حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان سـەربەخۆ و تـاك لایەنـە لـە ڕێـێ بۆریـی و تانکـەرەوە ڕۆژانـە نەوتـی قەڵەمڕەوی حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانییە تـازە ئازادکراوەکان(ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم) لـە بازارەکانـی جیهـان فرۆشـتووە. بـۆ نموونـە وەك لـە ڕاپۆرتـی کۆمپانیـای "دیلۆیـت" دا هاتـووە، تەنهـا لـە

شـەش مانگـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠١٧دا بڕی(١١٥،٠٨٣،٠٦٦)ملیـۆن بەرمیـل نەوتـی فرۆشـتووە، واتـە بـۆ هـەر ڕۆژێـك زیاتـر لـە(٦٣٩) هـەزار بەرمیـل کـە بەهاکـەی بایـی (٤،٠٦٩،٦٣٤،٣٣٧ )دۆلار بووە(حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، ٢٠١٨،ل٦). جگـە لـە ملیارەهـا بەرمیل و ملیارەهـا دۆلاری فـرۆشراوی نەوتـی نێـوان سـاڵانی(٢٠١٤ -٢٠٢٣) وەك لـە راپۆرتـی کۆمپانیـای وردبینیـی جیهانیـی "دیلـۆت" دا هاتـووە ( حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بـە بـێ سـاڵ، بـە بـێ ژمـارەی لاپـەرە).

٢.داهاتی نانەوتی نەگەڕاندۆتەوە بۆ حوکومەتی فیدڕاڵ کە ملیارەها دۆلار بووە.

٣.حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ وڵاتانـی زلهێـزی دونیـا، پەیوەنـدی سـەربازیی هەبـوو، کۆمەکـی جۆراوجـۆری لێیـان وەرئەگـرت، بـە تایبـەت لـە مـاوەی جەنگـی دژی داعـش.

٤.تـاك لایەنـە بڕیـاردان و کارکـردن بـۆ ئەنجامدانـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆی کوردسـتان، نـەك تەنهـا لـە هەرێمـی کوردسـتان، بەڵکـو لـە ناوچـە کوردسـتانییە تـازە ئازادکـراوەکان، هەرچەنـدە حوکومەتـی فیدڕاڵیـی و تـەواوی وڵاتانـی هەرێمیـش دژ بـوون.

هۆکاری دەرنەکردنی هیچ بڕیارێك لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئەگەڕێتەوە بۆ:

تەبایـی نێـوان هـەردوو پارتـە سیاسییە سـەرەکییەکەی کوردسـتان، بـە تایبـەت بوونـی ڕێکەوتنـی سـتراتیجیی٥*لە نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتیمانیی کوردسـتان. نزیکیـی پارتـە کوردسـتانییەکان لـە یەکتریـی بـە جیـاوازی بیروبۆچونـی سیاسـیی و نەتەوەیـی و ئاینیـی، بەجۆرێـك بـە جیـاوازی ئایدیۆلۆجـی سیاسـیی و نەتەوەیـی و ئاینیـی و مەزهەبیـی، لـە هەڵبژاردنـی خولـی دووەمـی ئەنجومەنـی نیشـتیمانیی لـە ٢٠٠٥/١/٣١ بـە یـەك لیسـت بەشـداریی هەڵبژاردنیـان کـرد و پاشـتر کورسـییە بەدەسـتهاتووەکانیان لـە نێـوان خۆیـان دابـەش کـرد (کەریـم، ٢٠١٩، ل١١٦-١٢١).

پـاش دەرکەوتنـی داعـش لـە جوگرافیـا عەرەبـی سـونە مەزهـەب لـە ١٠ی حوزەیرانـی ٢٠١٤، فراوانکردنـی ڕۆژ لـە دوای ڕۆژی قەڵەمـرەوی دەسـەڵاتەکەیان و دروسـتبوونی بۆشـایی ئەمنیـی لـە یەکـە کارگێڕییەکانـی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم لـە لایـەن هێـزە چەکـدار و ئەمنییەکانـی حوکومەتـی فیـدڕاڵ. پێشـمەرگەی کوردسـتان بـە جیـاوازی ئایدۆلۆجـی سیاسـیی و ئاینیـی، تەنانـەت پێشـمەرگە و شـەڕڤانی پارچەکانـی تـری کوردسـتان لـە یـەك سـەنگەردا پارێزگارییـان لـە خاکـی کوردسـتان ئەکـرد.

هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی ئابووریـی سـەربەخۆ و کەوتنـە سـەر نەخشـەی ووزەی جیهـان و گەیاندنـی نەوتـی کوردسـتان لـە ڕێگـەی بـۆری گوێـزەرەوەی نـەوت بـۆ بازارەکانـی جیهـان.

لـە میانـەی رووخاندنـی رژێمـی بەعـس تـا دەرکەوتنـی داعـش، حوکومەتـی هەرێـم، دەسـەلاتی فراوانـی لـە بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم هەبـوو، پێشـمەرگە لـە تـەواوی ناوچـە کوردسـتانییەکان بوونـی هەبـوو، لەپـاش دەرکەوتنـی داعـش، دەسـەڵاتەکانی نزیـك بوونـەوە لـە دەسـەڵاتی رەهـا.

هەولێـر بـوو بـە وێسـتگەی گەشـتی سـەرکردەباڵا و خاوەنبڕیـارەکان لەسـەر ئاسـتی جیهـان، وەك سـەرکردەی وڵاتانـی ئەندامانـی هەمیشـەیی لـە ئەنجوومەنـی ئاسـایش، وڵاتانـی تـری خـاوەن بڕیـار لـە کیشـوەرەکانی ئەمەریـکا و ئەورووپـا و ئاسـیا...هتد، جگـە لـە سـەرکردەی وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسـلامی.

٥ * - ڕێکەوتنـی سـتراتیجی لـە نێـوان جـلال تاڵەبانـی و مسـعودبارزانی لـە ٢٠٠٧/٧/٢٧ واژۆکـرا، لـە هەشـت بڕگـە پێکهاتبـوو، کـە بریتـی بـوون لـە:( لایەنـی سیاسـی و تیۆری،لایەنـی پەرلەمانـی، لایەنـی حکومـەت، لەسـەر ئاسـتی عێـراق، پەیوەنـدی دەرەوە و دیبلۆماسـیەت، میکانزیـم و چاودێـری، راگەیاندن)،بـۆ زانینـی دەقـی مـادەکان، تکایـە بڕوانـە :

ی.ن.ك و پ.د.ك، ٢٠١٠، دەقی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان ی.ن.ك و پ.د.ك.

-١٤-٠٨-١٠-٢٩:٢٠٠٩=catid&٢٧-٣٦-٠٦-٠٢-٠٦-٧٢٦٢:٢٠١٠=http://pukmedia.com/kurdish/index.php?option=com_content&view=article&id

.٢٠١٠.٣٦١,٣Jun=Itemid&٥٥-١١

نوێنەری گەلی كورد و حوكومەتی هەرێم، لە حوكومەتی عێراقی فیدراڵ دا لە تەواوی دەسەڵاتەكانی یاسا دانان و كارگێڕیی و دادوەریی، هەم دەسەڵاتی گرنگیان هەبوو، هەم كەسایەتی گرنگییان هەبوو، كەسایەتی مام جلال بە نموونە. جگە بوونیان لە هەرەمی هێزە چەكدارەكان و دەستگا ی ئاسایشی نیشتیمانیی كۆماری عێراقی فیدراڵ.

تەواوی حكومەتە عێراقییەكان بە ویست و رەزامەندیی سەركردایەتی كورد پێك ئەهات، پایتەختی هەرێمی كوردستان وێستگەی یەكلاكەرەوە و پێكهێنانی حكومەتە عێراقییەكان بوون.

بۆ یەكەمین جار لە مێژوودا، هێزی پێشمەرگەی كوردستان بە كەل و پەلی سەربازیی و ئاڵای كوردستان، سنووری یەكێك لە گەورەترین وولاتی پەیمانی ئەتڵەسیی (ناتۆ)یان بڕی و هاریكاریان گەیاندە رۆژئاڤا و شاری كۆبانی-یان لە كەوتن پاراست، هەڵبەتە بە بێ رێكەوتن و هاریكاریی كۆماری توركیا، هێزی پێشمەگە نەیئەتوانی بگاتە رۆژئاڤا.

كردنەوەی دەیان كونسوڵخانە(قنصلية) لە هەولێر و بەستنی رێكەوتنی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی و زانستیی(محافظة اربيل، بدون سنة, بدون رقم الصفحة)...

قسەكردن لەسەر ئیش و كارە سیاسییەكانی دەرەوەی كوردستان، داواكردنی فیدراڵی بۆ كۆماری سووریای عەرەبیی بە نموونە(وتەبێژی فەرمیی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان،٢٠١٦).

هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە سەنگێكی سیاسیی و سەربازیی و دیبلۆماسیی...یان بە پێگەی حوكومەتی هەرێمی كوردستان دابوو، لە بەرامبەریشدا حكومەتە یەك لە دوایەكە عێراقییەكان زۆر لاواز بوون، ئەوانیش بە هۆی: نوێی حكومەتەكان و دامەزراوەكان و دەسەڵاتداران لە پێگەی فەرمانڕەوایەتیدا.

جەنگە بەردەوامەكان كە بەرۆكی عێراقیان گرتبوو، وەك جەنگی مەزهەبیی نێوان ئاینزای(شیعە - سنە)، جەنگی (سوپای مەهدی - حوكومەتی عێراقی)، جەنگ و توندوتیژیەكانی ئەندام و لایەنگرانی (پاشماوەكانی) (رژێمی بەعس- حوكومەتی عێراق)، جەنگی (گرووپە ڕادیكاڵەكان – حوكومەتی عێراق) وەك قاعیدە و نەقشبەندیی ...هتد.

بوونی گەندەڵیی بە رادەیەكی زۆر فراوان لە دامەزراوەكانی حوكومەتی عێراق، بەجۆرێك ساڵانە كۆماری عێراق لە دە یەكەمین گەندەڵترینی وڵاتانی جیهان بوو، ئەمەش كاریگەری زۆر فراوانی لەسەر لاوازبوونی حوكومەتی عێراق و دامەزراوەكانی هەبوو(Transparency International,٢٠٢٣).

كۆنترۆڵكردنی دەیان هەزار كیلۆمەتر دووجا لە خاكی عێراق لە لایەن داعش و نزیك بوونەوە لە گەرەكەكانی پایتەختی عێراق.

لاوازی ئەدای تەواوی دامەزراوەكانی كۆماری عێراقی فیدراڵ بە دامەزراوەی دادگای باڵای فیدراڵییشەوە، بۆیە لەم ماوەیەدا هیچ بڕیارێك لە دژی هەرێم و بەرژەوەندییەكانی دەرنەچێنرا. چونكە عێراق گرفتاری كێشە ناوخۆییەكانی خۆی ببوو. ئەمانەش هۆ كاربوون بۆ ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵیی لە دژی كوردستان بەكارنەهێرێت.

دووەم: بڕیارەكانی دادگای باڵای فیدراڵیی لە نێوان (٢٠١٧ /٩/٢٥ - ٢٠٢٤/٤/٣)

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، كارتێكی بەهێزی دایە دەست حوكومەتی عێراقی بۆ ئەنجامدانی سەودا و مامەڵەی نوێ لەگەڵ حوكومەتی هەرێم، ئەوانیش لەبەر:

وەلانانی كاركردن بە رێكەوتی ستراتیجیی و قوڵبوونەوەی ململانێ سیاسییەكانی نێوان هەردوو هێزەكە سەرەكییەكەی كوردستان. بە تایبەت پاش كۆچی دوایی سكرتێری یەكێتی نیشتیمانیی كوردستان و جێگرتنەوەی لە

لایەن دووجەمسەری نوێی لاو و سەربازیی یەکێتی( بافڵ تاڵەبانی و لاهوری شێخ جەنگی).
نەبوونی دید و ستراتیجیکی یەکگرتوو لە نێوان پارتە سەرەکییەکانی کوردستان لە پرسە نیشتیمانیی و نەتەوەییەکان لەگەڵ حوکومەتی فیدراڵ و پارتە عێراقییەکان. لە بەرامبەردا هەر یەکە لە بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان و پەیمانبەندییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان لە پارت و هاوپەیمانە عێراقییەکان نزیك ئەبوونەوە هاوپەیمانیان لەگەڵ ئەبەستن.
خراپیی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی نەناردنی بوودجە لە لایەن حوکومەتی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت و، لەخۆگرتنی نزیکەی (٢)ملیۆن ئاوارەو دەربەردە لە لایەن حوکومەتی هەرێمەوە، چ لە ئاوارەکانی ناوخۆ، چ ئاوارەی سووریایی. تەنها لە مانگی ئاب و ئەیلولی ٢٠١٤ دا (٤٦٠٠٠٠) ئاوارە روویان لە پارێزگای دهۆك کرد، بە جۆرێك رێژەی ئاوارە بۆ دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم بریتی بوون لە( دهۆك ٤٠٪، هەولێر٢٠٪، سلێمانی ١٠٪) (وكالة الأمم المتحدة للهجرة، ٢٠١٨،ص٤٣-٤٤).
رۆژ لە دوای رۆژ دۆخی کارگێریی و دامەزراوەکانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو لاوازیی ئەچوون، لە ئەنجامی خراپی دۆخی ئابووریی هەرێم و پێنەدانی شایستە داراییەکانی موچەخۆران و وەبەرهێنەران و زیادکردنی گومرگ و باج و رسومات لەسەر هاولاتیان، سەرئەنجام بایکۆتی فەرمانبەران و قوتابیان لە قەڵەمڕەوی هەژموونی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بوو بەکاری رۆژانە. ئەمەش کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر بێ هیوابوونی بەشێکی زۆری کوردستانییان لە ئایندەیان لە سایەی حوکومەتی هەرێم.
لە پاش کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزای شەنگار و کەوتنی شارەکە بەدەستی داعش و ئاوارەبوونی دەیان هەزار لە کوردانی ئێزیدی بەرەو چیای شەنگار و سنووری نێودەوڵەتیی و، پاراستنی ئاوارەکان لە لایەن شەڕڤانان، ململانێی رامیاریی و سەربازیی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەك و هێزەکانی یەبەشە و یەپەژە لە لایەکی تر دروست بوو، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر لاوازتربوونی سەنگی سیاسیی و سەربازیی حوکومەتی هەرێم (پارتی دیموکراتی کوردستان).
لەدەستدانی ٥١٪ی رووبەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیداریەی هەرێم، بەو ڕووبەرەشی کە پاش دەرکەوتنی داعش کەوتبووە ژێر هەژموونی حوکومەتی هەریمی کوردستان بە گشتیی و هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان بە تایبەتیی. ئەویش لە ئەنجامی کارکردن لەدژی یەك و درووستکردنی هاوپەیمانیی و هەماهەنگیی لەگەڵ سەرکردەکانی حەشدی شەعبیی و دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغداد و رێخۆشکردن بۆهاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبیی و گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.
کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ژێر فشاری سوپا و حەشدی شەعبیی و پۆلیسی فیدراڵیی. ئەمەش بوو بە هۆی ئاوارەبوونی دەیان هەزار لە کوردستانییان لەناوچە کوردستانییەکان و جگە لەوەی لە هەندێك شوێن ماڵباتە کوردەکان تووشی رووداوی دەستدرێژیی و کوشتن و تالانیی و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و موڵك و تەقاندنەوەی خانوو و موڵکەکانیان بوونەوە بە تایبەت لە شاری دووزخورماتوو٦*.

٦ * - ئەو تاوانانەی بەرامبەر ئەو شارە کرا، دەچنە قاڵبی تاوانی جینۆسایدەوە، بەتایبەتی لە لایەن حشدی شعبی تورکمانییەوە" کە زیاتر لە ٢٠٠٠ ماڵی کوردیان سوتان و تەقاندەوە، هەرچی ممتلکاتی کورد بوو تالان کران و هەزاران خانەوادەی کورد جارێکی تر ئاوارە بونەوە. ئەم تاوانە گەورەیە بۆ یەکەم جار لە لایەن گروپێکی چوار کەسی زۆر بەنهێنی بە ڤیدیۆ تۆمارکراوە لە نامیلکەیەکدا بەچاپی ڕەنگاو ڕەنگ بەچاپ گەیەندراوە ١٠٠٠ دانەی لێ بڵاوکرایەوە.لەنمایشیکدا لەهەردو مۆنۆمێنتی ئەمنەسورەکە لە شاری سلێمانی و ڕۆژی دواتر لە ناو باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبونی ژمارەیەك نوێنەرانی کونسوڵخانەکان و پەرلەمانتاران بە(٥٥) تابلۆ ئەو تاوانانە نمایشکرا.

- بودجـە، وەك چەکێکـی کاریگـەر لـە لایـەن حکومەتـە عێراقییەکانـەوە دژ بەهەرێـم بەکارهێـنرا، لـە هەمـان کاتیشـدا هەرێـم پابەنـدی ڕێکەوتنـەکان و ناوەڕۆکـی یاسـای بودجەکانـی سـاڵانەی حوکومەتـی عێـراق نەئەبـوو.

هێرشـی موشـەکیی و درۆنیـی و بـۆ سـەر دامـەزراوە مەدەنیـی و سـەربازیی و ئابوورییەکانـی حوکومەتـی کوردسـتان و بنەکانـی هاوپەیمانـان، لـە رووکەشـدا داژیەتییکردنـی مانـەوەی هێزەکانـی ئەمەریـکا بـو لـە عێـراق، لـە راسـتیدا ئامانجیـان سـنووردارکردن و ملکەچپێکردنـی حوکومەتـی هەرێـم بـو بەرامبـەر بـە ویسـتە سیاسـیی و سـەربازیی و ئابوورییەکانـی بەغـداد و وڵاتانـی تـری هەرێمیـی، ئەگینـا زنجیـرە بۆردومانـە بەردەوامەکانـی کێڵگـەی غـازی کۆرمۆر(وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان،٢٠٢٢) و دامـەزاراوەی هێـزی پێشـمەرگە لـە پیرمام(وەزارەتـی پێشـمەگەر،٢٠٢٤) و فرۆکـە خانـەی نێودەوڵەتـی هەولێر(هەورامـی،٢٠٢١) چ پەیوەنـدی بەهێزەکانـی ئەمەریـکاوە هەیـە؟ هێرشـەکان لـە لایـەن گرووپـە چەکداراکانـەوە ئەکرێـن، کـە مووچـە لـە حوکومەتـی فیدراڵیـی وەرئەگرن(نێچیرڤـان بارزانـی، ٢٠٢٤).

حکومەتـی عێراقیـی بەهاریکاریـی هاوپەیمانـان و راوێژکارانـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و، درووسـتکردنی حەشـدی شـەعبیی و هێزەکانـی تـری وەك پۆلیسـی فیدراڵیـی و سـوپای عێـراق.. هتـد، توانـی کۆتایـی بـە دەوڵەتەکـەی داعـش بهێنیـت، بەهێـزەوە گەڕایـەوە ئـەو ناوچـە کوردسـتانییانەی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم کـە پێشـتر لێـی کشـابووەوە. هـاوکات لەگـەڵ فشـارەکانی بەغـداد لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان، وڵاتانـی دراوسـێ هەرێـم، وشـکانی و ئاسـمانییەکان بـە رووی هەرێمـی کوردسـتاندا داخسـت لەسـەر داوای حوکومەتـی فیدراڵیـی، هەرێمـی کوردسـتان بـە تەواویـی گەمـارۆدرا. چونکـە هییـچ یەکێـك لـە وڵاتانـی دراوسـێی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ کردنـی ڕیفرانـدۆم نەبـوون.

جگـە لـەوەی بـەردەوام بـە بیانـووی جیاجیـا بـە موشـەکی بالسـتیی و کـروز و درۆن و بۆردومانـی فرۆکـە و تۆپبـاران، هێرشـیان ئەکـردە سـەر دامـەزراوە فەرمیـی و مەدەنیی(سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان، ٢٠٢٤) و ئامانجەکانـی تـر لـە هەرێمـی کوردسـتان. (ئەنجوومەنـی نوێنـەران، ٢٠٢٤).

وڵاتانی جیهان کۆمەکە هەمەجۆرەکانیان بۆ کوردستان تا نزیکی سفر لە هەرێمی کوردستان گرتەوە، لەبەر:

سـەرکردایەتی هەرێمـی کوردسـتان گوێیـان بـە هۆشـداریی و نیگەرانییەکانـی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتیـی نـەدا بـۆ نەکردنـی ریفرانـدۆم.

کۆتاییهاتن بە جەنگی داعش لە سنووری عێراقی فیدڕاڵ.

بـە نیشـتیمانیی نەکردنـی هێـزی پێشـمەرگە و نەکردنـی چاکسـازیی ئیداریـی وئـازاردان و پێشـێلکردنی مافەکانـی مـرۆڤ و ڕۆژنامەنووسـان.

هەمـوو ئـەم هۆکارانـە وایـان کـرد، پێگـەی سیاسـیی و سـەربازیی و ئابووریـی و مەعنەویـی هەرێمـی کوردسـتان بـەرەو داکشـان بچێـت.

ئیـتر سـەنگەرێکی تـر لـە دژی حوکومەتـی هەرێـم کرایـەوە، ئەویـش بریتـی بـوو لـە بڕیارەکانـی دادگای بـالای فیدڕاڵیـی، دادگا بـوو بـە سـەنگەرێك بـۆ:

ئـەو کـەس و لایەنانـەی لـە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان بـوون و دژی مانـەوەی قـەوارەی هەرێـم و فیدڕاڵییەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـوون.

ئەو کەس و لایەنانەی دژی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی پێکهێنەری حوکومەتی هەرێمی کوردستان بوون.

پارتێکی سەرەکیی هەرێمی کوردستان لە دژی پارتێکی تری سەرەکیی تری هەرێمی کوردستان.

هـەر بۆیـە سـەنگی دەسـتووریی و یاسـایی دادگای بـاڵای فیدڕاڵیـی بەکارهێـنرا؛ چ بـۆ دژایەتیـی مافـە نیشـتیمانیی

ونەتەوەییەکانی گەلی کورد، چ بۆ لە قاڵبدانی پارتە ململانکارەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان لە دژی یەك. بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی کاریگەری گەورەیان لەسەر هێز و ئایندەی قەوارەی هەرێمی کوردستان هەبووە و هەیە، گرنگترین بڕیارەکانیش کە لە داگای باڵای فیدراڵیی دەرچوون بریتی بوون:

ڕەهەندی جوگرافیی:

پاش ئەوەی هەر یەکە لە سکرتێری پارتی وەفای نیشتیمانیی عێراقیی بە داوای ژمارە ٨٩/ اتحادیة/٢٠١٧ لە ڕێکەوتی ١٠/ ٢٠١٧/٩ و هەردوو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی حەسەن تۆران و ارشد رشاد صالحی بە داوای ژمارە ٩١/اتحادیة/ ٢٠١٧ لەڕێکەوتی ١٢/٩/ ٢٠١٧ و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا محمد سعدون صەیهود و عبدالسلام محسن مالکی و عمار کاظم الشبلی بە داوای ژمارە ٩٢/اتحادیة/٢٠١٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/١٢ و پەرلەمانتار حەنان فەتلاوی لە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بە داوای ژمارە٩٣/ اتحادیة/٢٠١٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/١٣دژی سەرۆکی هەرێم تۆماریان کرد بە ئامانجی ناساندنی نادەستووریبوونی ریفراندۆمی کوردستان، دادگا بە بڕیاری ژمارە (٨٩و٩١و٩٢و٩٣/اتحادیة/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/١١/٢٠) بڕیاری نادەستووریبوونی ریفراندۆمی ٩/٢٥/ ٢٠١٧ی دا(المحکمة الاتحادیة العلیا، ٢٠١٧،بدون رقم الصفحة).

شایانی باسە ئەمە یەکەمین هەنگاو بوو کە لە دادگای باڵای فیدراڵیی دژی بەرژەوەندییەکانی کوردستان دەریکرد، کۆتایی هێنانێکی فەرمیی بوو لە لایەن دامەزراوەیەکی دادوەریی هەرە باڵای حکومەتی عێراق بە خەونی سەربەخۆیی کوردستانیان لە هەرچوار بەشی کوردستان. بە تایبەت گەڕانەوەی بەشێکی فراوان لەو ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە رووبەرەکەی (٦٣٪)خاکی هەرێم پێك ئەهێنن(کەریم، ٢٠٠٩، ل ٤٧).

سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە پێشوازی پارێزگاری ئەنبار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، دژایەتیی خۆی بۆ دروستکردنی هەرێمێکی تر لە عێراق دەربڕیی، بە پاساوی ئەوەی هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایش و یەکگرتووی عێراق، ئەوەی سەیرە، سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی بەم شێوە نایاسایی و نادەستووریی و نا دادوەرییە بیربکاتەوە، لەکاتێکدا ماددە ی(١١٩) دەستوور مافی بە هەموو پارێزگایەك داوە بۆ دروستکردنی هەرێم(مجلس القضاء العراقي، ٢٠٢٤). لێرەدا ئەگەینە ئەو بڕوایەی نەك تەنها لە لایەن سیاسیی و سەربازییەکانەوە، تەنانەت لە لایەن یاسایی و دادوەرەکانی بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییشەوە هەمان مەترسیی لەسەر فیدراڵیەتیی هەریمی کوردستان هەیە.

ڕەهەندی ئابووریی :

وەزیری نەوتی کۆماری عێراقی فیدراڵ بە داوای ژمارە(٥٩/اتحادیة/٢٠١٢)، داوای ژمارە(١١٠/اتحادیة/٢٠١٩)علی شەداد فارس ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە، دژی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانیان تۆمارکردبوو، بە مە بەستی رادەستکردنی بەرهەمی نەوتی خاو بە حوکومەتی فیدراڵیی و هەنارئەکردنی نەوتی خاو بۆ دەرەوەی عێراق بەبێ ڕەزامەندی حوکومەتی ناوەندیی.

دادگا لە ڕێکەوتی(٢٠٢٢/٢/١٥) بڕیاری دا بە نا دەستووریبوونی یاسای ژمارە(٢٢)ی ساڵی٢٠٠٧ی نەوت و گازی حوکومەتی هەرێم رادەستکردنی سەرجەمی بەرهەمی نەوتی هەرێم و ناوچەکانی تر بە وەزارەتی نەوتی حوکومەتی فیدڕاڵ، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو گرێبەستانە کە حوکومەتی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتان و کۆمپانیاکانی لایەنی دەرەکیی کردوونی. جگە لە دوو ئەندامە دادوەرە کوردەکە، سەرجەم دادوەرەکانی تر

دەنگیـان پێدا(المحكمـة الاتحاديـة العليـا، ٢٠١٩،بـدون رقـم الصفحـة).

بڕیـاری دادگای بـاڵای فیدراڵیـی بـە نایاسـایی ناسـاندنی فرۆشـتنی نەوتـی هەریمـی کوردسـتان لـە لایـەن حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە تـەواو دەسـتووریی بـوو، لـە رووکەشـدا بریتـی بـوو لـە پاراسـتنی هێـز و بڕگەکانـی دەسـتووریی عێـراق، بەکردەیـش بریتـی بـوو لـە وشـککردنی ئابووریـی هەرێمـی کوردسـتان و قووڵترکردنـەوەی قەیرانـە ئابوورییەکانـی حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان تـا ڕادەی خنکاندنـی ئابوورییەکـەی. (المحكمـة الاتحاديـة العليـا، ٢٠٢٢،بـدون رقـم الصفحـة).

ئـەوەی جیـی سـەرنجە دادگا لـە بڕیـاری سـەرەوەدا، دوای١٠سـاڵ بڕیـاری لەسـەر کەیسـەکە داوە. ئەمـەش گومـان ئەخاتـە ئەنجامـی دادوەرییەکـە، جگـە لـەوەی پێچەوانـەی مـاددە ی(٣٠)ی یاسـای ژمـارە(١٦٠)ی سـاڵی ١٩٧٩ی ڕێکاری مەدەنییە( قانـون المرافعـات المدنیة) کـە ئەڵـێ:" نابێـت دادگا خـۆی بـەدوور بگرێـت لـە بڕیاردان بـە پاساوای ناڕوونیـی یاسا یـان ونبـوون یـان ناتەواویـی دەقەکـە، بەپێچەوانـەوە وا دائەنرێـت کـە دادوەر خـۆی لـە بەدیهێنانـی مـاف بـەدوور گرتـووە، هەروەهـا دواکەوتنـی نایاسـایی لـە دەرکردنـی بڕیارێکـدا بـە خـۆ بەدوورگرتـن لـە بەدیهێنانـی مافەکـە دائەنرێـت "

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، بڕیـاری دانیشـتنی ڕۆژی چوارشـەمە، ڕێکەوتـی (٢١/ ٢/ ٢٠٢٤) و لەسـەر سـکاڵای ژمـارە(٢٢٤ و موحداتها\٢٦٩\اتحادیـة\٢٠٢٣) حوکومەتـی فیدراڵیـی ناچارکـرا، بـە پێدانی شایستە داراییەکانـی مووچـە خۆرانـی هەرێمـی کوردسـتان، سـەرەتا بـە پێـی لیسـتی مووچـەی حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و پاشـتر بـە بانکییکردنـی مووچـەی فەرمانبەرانـی هەرێم(اعـلام المحكمـة الاتحاديـة،٢٠٢٤). لەکاتێکـدا هێشـتا بوودجـەی سـاڵانی(٢٠٢٣- ٢٠٢٥)ی کۆمـاری عێراقـی فیـدراڵ هەمـوار نەکرابـووەوە، بڕیارەکـە بـۆ مووچـەی شـوباتی٢٠٢٤ چـووە بـواری جێبەجێکردنـەوە، لەکاتێکـدا مووچەخۆرانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە دۆخێکـی ئابووریـی سـەختدا بـوون و مووچەکانـی مانگەکانی(١٠-١٢/٢٠٢٣)یـان لـە لایـەن حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە نـەدرا.

ڕەهەندی دامەزراوەیی:

دادگای بـاڵای فیـدراڵ چەنـد بڕیارێکـی دەرکـرد، هەرێمـی کوردسـتانی خسـتە بۆشـایی یاسادانان و جێبەجێکردنـەوە، لـەو بڕیارانەیـش:

هەڵوەشـاندنەوەی درێژکردنـەوەی تەمەنـی خولـی پێنجەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـۆ مـاوەی سـاڵێك لـە پـاش کۆتاییهاتنـی مـاوەی یاسـایی، کـە بـە داوای ژمـارە (٢٣٣/ اتحادیـة/٢٠٢٢ و موحداتهـا ٢٣٩/ اتحایـة/٢٠٢٢و ٢٤٨/ اتحادیـة/٢٠٢٢و٢٥٣/ اتحادیـة/٢٠٢٢ لـە لایـەن هەریەکـە لـە:١- سروە عبدالواحـد قادر/ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەرا.٢- شاسـوار عبدالواحـد قـادر/ سـەرۆکی جوڵانـەوەی نـەوەی نـوێ.٣- یۆسـف محمـد صـادق.٤- کاوە عبدالقـادر حسـن/ ئەندانـی پەرلەمانـی کوردسـتان، پێشکەشـی دادگایـان کردبـوو بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی یاسـای پەرلەمانـی کوردسـتانی ڕێکەوتـی ٢٠٢٢/١٠/٩. (المحكمـة الاتحاديـة،٢٠٢٣، ص١-٢٠)

هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنـی پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە کۆبوونـەوەی ڕۆژی٢٠٢٣/٩/٢٤ کـە بـە داوای ژمارە(١٢٤/اتحادیـة/٢٠٢٣) لـە لایـەن هەریەکـە لـە:١- سروە عبدالواحد/ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەرا.٢- شاسـوار عبدالواحـد قـادر/ سـەرۆکی جولانـەوەی نـەوەی نـوێ پێشکەشـی دادگا کرابـوو. (المحكمـة الاتحاديـة، ٢٠٢٣، ص١-٩)

هەڵوەشـاندنەوەی کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆ و هەڵبـژاردن و ڕاپرسـیی هەرێـم کـە بـە داوای ژمـارە(٨٣ و موحدتیهـا ١٣١و ١٨٥/اتحادیـە/٢٠٢٣) (المحكمـة الاتحاديـة، ٢٠٢٣، ص١-٢٣)کـە لەلایـەن هـەر یەکـە زیـاد جبـار محمـد سـەرۆکی

فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان و ئامانج نجیب شعمون پێشکەش کرا بوو. لەکاتێکدا لەماددە ی (١/٧)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کۆماری عێراق هاتووە (ویلایەتی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیۆن بۆ ماوەی(٤)ساڵە و درێژناکرێتەوە...) (الوقائع العراقیة، ٢٠١٩،١-١١) لە کۆبوونەوەی رۆژی٢٢ی تشرینی دووەمی٢٠٢٣ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەمواری یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە(٣١) ساڵی٢٠١٩ کردەوە و تەمەنی کۆمسیۆنی درێژکردەوە تا ئەو کاتەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا نەبەستراوەکان بە هەرێم و، ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان/ عێراق رائەگەیەنێت. (مجلس النواب، ٢٠٢٣).

بەم بڕیارنەی دادگای فیدراڵیی، هێز و رەوایەتی یاساداناني لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان سەندەوە وهەرێم کەوتە بۆشایی یاساییەوە، جگە لەوەی دەسەڵاتی سەرپەشتییکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێم وەرگرتەوە و بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق سپێررا.

دواخستنی هەڵبژاردن و درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، سازنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بووە بە کەلتوور لە هەرێمی کوردستان، بە جۆرێك لەماوەی ٣٢ ساڵدا تەنها پێنج خولی هەڵبژاردن کراوە(پەرلەمانی کوردستان،بە بێ ساڵ، بە بێ ژ.ل.) ، ئەبوو لە مانگی ئایاری ٢٠٢٤ خولی نۆیەمیش بکرایە، جگە لەوەی هەڵبژاردنی تەنها دوو خولی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کراوە(پارێزگای سلێمانی، ٢٠١٨) .

رەهەندی سیاسیی

هەندێك لە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، رەهەندی یاساییان هەیە، لەگەڵ دەرکردنی هەر بڕیارێکدا، جارێکی تر شەقام و پارتە رامیارییە کوردستانییەکان دابەشی هەردوو بەرەی دژ و دۆست ئەکات.

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، هەندێك لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی جوگرافیای یەکێتیی، پشتگیریی تەواوی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی ئەکەن، هەرچیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەندێك لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییە نزیکەکانی و هەندێك پارتی تری بچوکی کوردستانیی دژایەتی بڕیارەکانی دادگا ئەکەن، پێیان وایە، ئامانجی سیاسیی لە پشت بڕیارەکانی دادگاوەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی و سەرۆکی حوکومەتی هەرێم کوردستان(جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان) لە هەموو ئەو ووتار و راگەیەندراو و دیداری میدیاییدا، دادگای باڵای فیدراڵییان بە پێشێلکردنی دەستوور و لاوازکردنی قەوارەی هەرێم تۆمەتبار ئەکرد، بۆ نموونە:

دادگا لە دانیشتنی رۆژی چوارشەمەرێکەوتی(٢١/ ٢/ ٢٠٢٤) لەسەر یاداشتی ژمارە (٨٣ و موحداتها ١٣١ و١٨٥\ اتحادیة\ ٢٠٢٤) کۆمەڵێك بڕیاری تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواکراو دەرکرد، وەك ژمارەی ئەندامانی(١٠٠) ئەندام بێت، دابەشکردنی کوردستان بۆ بازنەی هەڵبژاردن بەمەرجێك لە(٤) بازنە کەمتر نەبێت، دابەشکردنی ژمارەی کورسییەکان بەسەر پارێزگاکان و هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکان و کۆتای ئافرەت بە رێژەی (٣٠٪) کەمتر نەبێت بۆ لیستی هەر قەوارەیەکی سیاسیی ...) (المحکمة الاتحادیة، ٢٠٢٣، ص١- ٢٣)

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کورستان لە ڕاگەیەندراوێکدا لە رۆژی٢٢/ شوباتی٢٠٢٤ لە سێ خاڵدا پاڵپشتیی

خۆی بۆ پێکهاتەکان دەربڕیی و پێی وایە بڕیاری پەیوەست بە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردن و گۆڕینی بەشێك لە بڕگەکانی پێچەوانەی دەستوور و سرووشتی لێکجیایی دەسەڵاتەکانە. (پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٤) لە ڕێکەوتی٢٠٢٤/٢/٢٧، مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە میانەی دیدارێکدا لەگەڵ رادیۆی "مۆنت کارلۆ" ی فەرەنسی ئەڵێ(( سەرجەمی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی بە پلەی نایاب لە دژی هەرێمن و لایەنگیریان پێوە دیارە، بۆ زانیاری ئەم دادگایە دەستووریی نیە، لە سەردەمی "بریمەر"ەوە درووست کراوە لە ئێستادا رۆڵی دەسەڵاتەکانی دادوەریی و یاسادانان و جێ بەجێکردن ئەبینێت. دادگای فیدراڵیی دەسەڵات و ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی تێپەڕاندوە، بڕیارەکانی نا دادپەروەرانەن و بە پلەی نایاب لە دژی هەرێمە)). (مسعود بارزانی، ٢٠٢٤) مونت کارلو

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی(٣٣)هەمین ساڵیادی راپەرین لە(٢٠٢٤/٣/٤) پەیامێکی راگەیاند، تیایدا هاتووە :

لە سەروبەندی یادی ڕاپەڕین دا، هەلومەرجی سیاسیی عێراق بەرەو قۆناغێکی هەستیار و مەترسیدار ئەڕوات، ئەو دیموکراسییەت و فیدراڵییزمەی هێزە سیاسییەکانی عێراق لەسەریان ڕێککەوتوون و لە دەستووری عێراقی نوێدا چەسپیوون، دەستوورێك کە زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیان پەسەندیان کردووە، لەبەردەم مەترسیی راستەقینەدان و هەوڵی ناوخۆیی و دەرەکیی ئاشکرا لە ئارادایە بۆ پاشگەزبوونەوە لە هەموو ڕێککەوتنە سیاسییەکان، لە هەموو بنەما دیموکراسیی و فیدراڵییەکان و وەلانانی ئەو دەستوورەی خەڵکی عێراق دەنگیان پێداوە، فشاری زۆر و هەمەلایەنە بەردەوامە بۆ سەپاندنی هەندێك واقیع بەسەر کوردستاندا کە بە درێژایی سەدەیەك بە هێرش و پەلاماری سەربازی تا ئاستی جینۆساید نەیانتوانیووە بەسەر خەڵکی کوردستانیدا بسەپێنن ئێستا بە ناو و لە ڕێی یاساوە ئەیانەوێت بیانسەپێنن، بەتایبەتی ئەو بڕیار و هەنگاو و ناهەقیانەی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و قەوارەی دەستووریی هەرێم و ماف و موستەحەقاتەکانی و چەندین پرسی تر ئەکرێن کە بە پێی دەستوور و یاسا فیدراڵییەکان دانیان پیانراوە.(پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٤)

رۆژی دواتر و لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٣/٥) بەیاننامەیەکی تری لە دژی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵ بڵاوکردەوە، تیادا هاتووە :

"ئەوەی کە دادگای باڵای فیدراڵیی ئەیکات بەپێچەوانەی ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی کە بریتین لە گەرەنتییکردنی پیادەکردنی بەندەکانی دەستوور و بەرگریی لەسیستەمی فیدراڵیی و چەسپاندنی لە ڕێگای پابەندبوون بە سەروەریی دەستوور و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە بڕیارە یەک لە دوای یەکانی دادگا بوون بە هۆی پێشێلکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بە شێوەیەك دادگا خۆی خستۆتە پێگەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، و هەندێك دەسەڵات و تایبەتمەندیی بەخۆی داوە کە دەستوور پێی نەبەخشیوە.

جگە لە هەموو ئەمانەش، دادگای باڵای فیدراڵیی لە بڕیارەکانی ئەم دواییەیدا، هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی هەرێمی داوە، و کاری کردووە بۆ لاوازکردنی دامەزراوەکانی و ڕێگەی خۆشکردوە بۆ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان تا زێدەڕۆیی لەسەر دەسەڵاتە دەستوریەکانی هەرێم بکەن، لە کاتێکدا کە دەستوور دانی بە شەرعییەتی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری هەرێمدا ناوە بە پێی ماددەکانی(١١٧و١٢١). دواجاریش بڕیارەکەی دادگا سەبارەت بە نادەستووریبوونی هەندێك لە ماددە و بڕگەکانی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەوە دەرئەخات کە دادگا ڕێگەی بە خۆی داوە بە هەموارکردنەوەی یاساکە، کە ئەمەش کاری دەسەڵاتی یاسادانانە نەك

دەسەڵاتی دادوەریی، هەروەها پێشێلکردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە کە لە ماددەی(٤٧)ی دەستووردا هاتووە.

نەهێشتنی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان لەهەرێمدا، ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵیی و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا هاتووە، بە تەرخانکردنی کورسی بۆ پێکهاتەکان، هەروەها ناکۆکە لەگەڵ ماددەکانی (٤٩/ بڕگەی یەکەم) و (١٢٥)ی دەستوور، کە جەخت ئەکەنەوە لەسەر ڕەچاوکردنی نوێنەرایەتییکردنی هەموو پێکهاتەکانی گەل لە ئەنجوومەنی نوێنەران، و دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم نەتەوەکان (وەک تورکمان و کلدان و سریان و ئاشور و ئەرمەن و هەموو پێکهاتەکانی تر) لە پیادەکردنی مافەڕەواکانیان، لەوانەش مافە سیاسییەکان، بە گەرەنتییکردنی نوێنەرایەتییان لە ئەنجوومەنە هەڵبژێرراوەکاندا. " (پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، ٢٠٢٤"ئەوەی دادگاکردی دەربارەی کورسی کۆتاکان کردی تشریع بوو، ئەوەش لە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی دادگاکەدا نیە". (حاکم رزگار، ٢٠٢٤)

لە ١٨ی ئازاری ٢٠٢٤دا، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەیاننامەیەکی تری شەش خاڵی دەرکرد، تیادا ئاماژەی بە نا دەستوورییبوونی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی کردبوو وەك دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن، هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکان و ژمارەی کورسییەکان و لایەنی سەرپەرشتیاری هەلبژاردنەکان و دورخستنەوەی دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان لە یەکلاییکردنەوەی تانەکانی پەیوەست بە پرۆسەی هەڵبژاردن و پێشێلکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و، بێبەشکردنی نزیکەی (٤٠٠) هەزار دەنگی هەرێمی کوردستان کە ئەکاتە (٢٠٪) کۆی ئەو دەنگدەرانی بایۆمەترییان کردووە بە بیانوی نەخوێندنەوەی پەنجەمۆریان و بابەتی نادادپەروەریی لە دیاریکردنی کورسیەکانی پارێزگای هەڵەبجە، لەکاتێکدا پێکهاتەی ئێستای دادگای باڵای فیدراڵی بە نادەستووریی ناوئەبات و پێی وایە؛ دادگای باڵای فیدراڵیی"بەردەوام لە بڕیارەکانیدا پەیوەست بە هەرێمی کورستان، پێشێلی مافە دەستوورییەکانی کردووە و ئەیەوێت ئەو دەستەکەوتانەی بەدەستی هێناون، بە بڕیای سیاسیی و نادەستووریی لەگەلی کوردستانی بسەنێتەوە" لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە " بە بە بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانەکەمانی ئەزانین کەپارتیمان نەچێتە ژێر باری پەسەندکردنی بڕیاری نادەستووریی و سیستەمێکی سەپێندراو لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە دەستوورییەکانی و بەشداری هەڵبژاردنێك ناکات کە بە نایاسایی و نا دەستووریی لە سایەی سیستەمێکی سەپێندراو بەڕێوە بچێت" (پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٤)

ئەوەی گومان لە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی زیاتر ئەکات دژ بە قەوارەی هەرێمی کوردستان، پێشێلکردنی بەردەوامی بڕگەکانی دەستوورە لە لایەن حوکومەتی فیدراڵیی و دامەزراوەکانی. جگە لە پێشێلکردنی یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکانە لەلایەن وڵاتانی هەرێمی، دادگای باڵای فیدراڵییش هییچ هەڵوێستێکی نەبووە، لە خوارەوە هەندێك لەپێشێلکارییەکان ئەخەینە ڕوو:

تێپەڕینی (٢٠٤)مانگ بەسەر جێبەجێکردنی هەنگاوی یەکەمی ماددە ی١٤٠ی دەستووریی هەمیشەی عێراق، کە ئەبوو ماددە کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ هەر سێ هەنگاوەکەی جێبەجێ بکرایە.

پێشێلکردن و جێبەجێنەکردنی (٥٥) ماددە لە دەستووریی کۆماری عێراقی فیدراڵ (مسعود بارزانی، ٢٠١٧)لە لایەن حوکومەتی فیدراڵەوە.

پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان لە لایەن ولاتانی هەرێمیی و هەڵکوتانی هێرشی دڕۆنیی

و موشەکی بالیستیی و بوردۆمانی فرۆکە و لەشکرکێشیی بۆ سەر خاکی هەرێم.
بۆردومانکردنی دامەزراوە مەدەنیی و سەربازیی و فەرمییەکانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان بە درۆن و موشەك لە لایەن هەندیك لە گرووپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبیی لە خاکی عێراق و لە ژێر دەسەڵاتی حوکومەتی فیدراڵ.
بڕینی بوودجەی حوکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئازاری ٢٠١٤هوە.
نەمانی دەیان و سەدان ملیار دینار لە بوودجەی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە.
پێکنەهێنانی سەرجەم کابینە یەك لە دوا یەکە حکومییەکان لەوادەی یاسایی و دەستووریی دا، بۆ نموونە کابینەی دووەمی نوری مالکی نزیکەی ٨مانگ درەنگتر پێکهێنرا لەوادەی یاسایی لە نۆڤەمبەری ٢٠١٠، کابینەی محمد شیاع سوودانی لەدوای زیاتر لە ٨مانگ درەنگتر لە ماوەی یاسایی و دەستووریی پێکهێنرا لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢. تەنانەت بۆ دەستنیشانکردنی پارێزگاکانیش(پارێزگای کەرکوك بە نموونە).
کوشتنی سەدان لە خۆپیشاندەران و بریندارکردنی هەزارەها لە لایەن هێزی نەناسراوی دەمامکدار لە خۆپشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩ لە بەغدا و پارێزگا عێراقییەکانی دی.
درێژکردنەوەی تەمەنی ئێستای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ شەش مانگ، بەڵام بە نایاسایی زانینی درێژکردنەوەی تەمەنی ئێستای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان.
داگیرکردنی سەدان کیلۆمەتری دوجا لە خاکی کوردستان لە لایەن هێزی وڵاتانی هەرێمیی و دامەزراندنی کەمپ و بنکە و بارەگای سەربازیی .
تەرخانکردنی کورسی کۆتاکان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، بەڵام لابردنی سەرجەم کورسیی کۆتاکانی یاسای هەڵبژاردنی(١) پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەم.
وەك لە مادده ی(٩/ یەکەم/ ج)ی دەستووریی هەمیشەیی عێراق هاتووە، ((نابێت هێزی چەکداری عێراقیی و ئەندامەکانیان، لە نێویشیاندا ئەو سەربازانەی لە وەزارەتی بەرگریی و هەر فەرمانگەیەکی تر یان رێکخراویکی تر، خۆیان کاندید بکەن بۆ هەڵبژاردن بە مەبەستی گەیشتنە ناوەندی سیاسیی ...) کەچی چەندین گرووپی چەکداریی فەرمیی لیست و کاندیدیان هەیە و بەشداریی هەڵبژاردن ئەکەن و هاوپەیمانیشیان پێکهێناوە، وەك هاوپەیمانی فەتح بەسەرۆکایەتی هادی عامر و فالح فەیاز سەرۆکی دامەزراوەی حەشدی شەعبی.. کە لە ئێستادا لە لە هاوپەیمانێتییەکدا بە ناوی چواچێوەی هەماهەنگیی حوکومەتی عێراقیان پێکهێناوە.
لە وڵاتانی جیهانی گەشەسەندوو، بەهۆی سەروەرنەبوونی دەستوور و یاساکانەوە، زۆرجار بڕیارەکانی دادگا لەبەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا بوون، بۆ نموونە، وەك لە ماددەی شەست و هەشتی یاسای بنەرەتیی عێراقیی ساڵی ١٩٢٥ هاتووە، دادوەرەکان بە ویستی مەلیك دائەنرێن (جهاز المخابرات الوطني، بدون سنة الطبع، بدون رقم الصحفة) وەك لە مادده ی هەشتا و دوو و هەشتا و سێ دا هاتوون، تەنانەت کۆبوونەوەی دادگای باڵا بە ویستی شا(مەلیك) کۆئەبێتەوە (جهاز المخابرات الوطني، بدون سنة الطبع، بدون رقم الصفحة) لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت!ئەگەر مەلیك رۆژی کۆبوونەوەی دادگای باڵا دیاری کردبێت؟ رێی تێدەچێت دادگا بوێری ئەوەی هەبێت هیچ بڕیارێك لە دژی بڕیارە نادەستوری و نایاسایی و نادادییەکانی مەلیك و حکومەت بدات؟ بێ گومان نەخێر. ئەمە بۆ هەموو دادگاکانی ئێستای کۆماری عێراقی فیدراڵییش درووستە ئەگەر کەیسەکە سیاسی بێت، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

بەهۆی توندیی و زۆری ململانێ سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی و گرووپ بەندییە کوردستانیی و عێراقیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان، چاوەڕوان ئەکرێت هەم ژمارەی سکاڵاکانی سەر حوکومەتی هەرێم زیاد بکات، هەم ژمارەی بڕیارەکان زیاتر بێت هەم توندتریش بێت و زیاتر قەوارەی هەرێم و دەسەڵاتەکانی لە قاڵب بدات، بە تایبەت ئەکرێت لە بڕیارەکانی ئایندەدا دامەزراوەی تری سەربازیی و هەواڵگریی و ئابووریی هەرێم هەڵبووەشێنێتەوە، ئەشێت لە ئایندەیەکی نزیکدا پارتی کوردستانی یان دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێم هەڵبووەشێنێتەوە. ئەکرێت بە بڕیار، هێزی چەکداریی عێراقیی و فەرمانبەری عێراقیی ئاڕاستەی هەرێم بکات، لە ئەگەری بەردەوامی ململانێ سیاسییەکانی پارت و لایەنە کوردستانیەکان و ململانێی سیاسیی نێوان پارتە کوردستانی و پارتە دەسەڵاتدارە شیعییەکان لە عێراق، ئەو کاتە حوکومەتی هەرێم دوو ڕێگای لەبەر دەمدا ئەبێت یان، ئەوەتا پابەندی بڕیارەکان بێت، و چاوەڕوانی مەرگێکی لەسەرخۆ و حەتمی خۆی بکات یان، ئەوەتا دژایەتیی بکات و ببێت بە گرووپێکی لەیاسادەرچووی قەدەغەکراوی ناوخۆیی و عێراقیی و جیهانیی. چونکە وەك لە ماددە ی(٩٤)ی دەستووردا هاتووە، بڕیارەکانی یەکلاکەرەوەیە و ئەبێت سەرجەم دەسەڵاتەکان پێوەی پابەند بن.(دەستووریی هەمیشەیی)
لە ئەگەری ئاشتبوونەوەو یەك هەڵوێستبوونی حکومەت و پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەتوانن ڕووبەڕووی هەر بڕیارێکی نایاسایی و نا دەستووریی دادگای باڵای فیدراڵیی ببنەوە لە ئەگەری دەرکردنی، سەرەڕای ئەوەی یەکێتیی خاك و فیدراڵییەتی کۆماری عێراقی فیدراڵییش ئەخاتە مەترسییەوە.

## ئەنجام:

لەبەر ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵیی لە پێش نووسینەوەی دەستووریی هەمیشەیی عێراق و لەسەردەمی دەسەڵاتی هاوپەیمانان پێکهێنراوە، لە لایەن هەندێك پارتی کوردستان گومان لەسەر دەستوورییبوونی پێکهێنانی دادگاکە ئەکرێت، سەرئەنجامیش لە پەیڕەوی ناوخۆکانی و ئەو بڕیارانەشی کە دەریکردون.
پشك پشکێنەی حزبی و نەتەوەیی و سیاسیی ، بنەماو پێوەری پێکهاتەی پەیکەری دادگای باڵای فیدراڵییە، نەك پێوەری تەکنۆکراتی و ئەزمون و بڕوانامە و ساڵانی خزمەت و چالاکی زانستی بە تەنها. بوون و هێزی دەنگی تەنها دوو دادوەریی نەتەوەی کورد و (٢٢٪)ی کۆی دەنگی ئەندامانی دادگاکە، ڕێگری هیچ بڕیارێکی دادگا نابێت دژی هێز و بەرژەوەندی هەرێم بەم یاسایەی ئێستای دادگای باڵای فیدراڵیی.
تا ئێستا هیچ بڕیار و نوسراوێکی دادگاکە بە زمانی کوردیی دەرنەکراوە، ئەمەش سەرپێچی ماددە ی(٤) ی دەستووریی هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵە. لەکاتێکدا دادگاکە یەکێك لە کارەکانی بۆ پاراستنی گیانی دەستوورە لە وڵاتەکەدا.
بوونی هەڵەی یاسایی لە (ماددە ی سێ/ بڕگەی دوو)لە یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی چ لە یاسای ساڵی ٢٠٠٥ و چ لە یاسای هەموارکراوی ساڵی ٢٠٢١. چونکە سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵیی، ڕۆڵی نیە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵیی.
سەرکردایەتیی و نوینەرانی کورد، نەیاتوانی نە لە یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی ساڵی ٢٠٠٥، نە لە هەمواری یاساکەی ساڵی ٢٠٢١، هیچ ماددە و بڕگە جێ بکەنەوە کە نەتوانرێت دادگاکە لە دژی هێز و دامەزراوەکانی هەرێم بڕیار دەربکات. بە پێچەوانەوە، هەمواری یاساکەدا بەجۆرێك داڕێژرا، ئەگەر دادوەرە کوردەکانیش دەست لە کار بکێشنەوە، یەدەک بخرێنە جێگایان، ئەگەر سەرۆك کۆماریش کە لە پشکی نەتەوەی کوردە مەرسومی سەرۆکایەتیی بۆ دەستبەکاربوونی ئەندامانی دادگاکە دەرنەکرد، ئەنجوومەنی نوێنەرانی زۆرینەی عەرەب ئەو

کارە بـکات.

مـاوەی ١٧ سـاڵ، دادگاکـە بـە یاسایەك کاری کـردووە ، کـە مـاددە ی نایاسـایی تێـدا بـووە، لـەو ماوەیـەدا هەزارەهـا بڕیـاری داوە.

لەسـاتی پێکهێنانـی دادگاکـە تـا کردنـی ریفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان، دادگا(١٦٦٩) بڕیـار و (٥٧,٧٪)ی بڕیـاری مـاوەی توێژینەوەکـەی دابـوو، هیچـی لـە دژی هەرێـم نەبـوو، لەبـەر ئـەوەی هەرێـم لـەو پـەڕی بەهێزیـی و بەرزیـی پێگەکەیـدا بـوو، حوکومەتـی عێراقیـش لەوپـەڕی لاوازیـی، بـەڵام لەپـاش کردنـی ڕیفرنـدۆم، بڕیـار لـە دوای بڕیـار لـە دادگا دژی بەرژەوەندییەکانـی هەرێـم دەرکـرا، لەبـەر پێچەوانەبوونـەوەی هاوکێشـەی هێـز، بڕیـارە دەرکراوەکانـی دادگا دژی هێـز و دامەزراوەکانـی هەرێـم، هـاوکات بـووە لەگـەڵ جێگیربوونـی دۆخـی سیاسـیی و سـەربازیی و ئابووریـی و ئاسایشـی حوکومەتـی عێـراق و لاوازبوونـی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان.

لـە رابـوردوودا تەواویـی دەسـەڵاتی دادوەریـی لـە عێراقـدا لـە خزمەتـی دەسـەڵاتدا بـووە و، لـە ئێستاشـدا هـەر لـە خزمەتـی بەرژەوەندییەکانـی دەسـەڵاتداراندایە.

دەسـەڵاتی دادوەریـی چەکێکـی زۆر کاریگـەر و بەهێـزە، ئەکرێـت لـە دژی بەرژەوەندییـە نیشـتیمانیی و نەتەوەییەکانـی کوردسـتان بەکاربهێنرێـت. بـە بـێ تەقاندنـی یـەك فیشـەك یـان، رشـتنی یـەك دڵۆپـی خوێنـی سـەرباز یـان خەرجیـی دارایـی... کاریگەرییەکەشـی بەجۆرێکـە نـەك ئاسـتی ناخـۆ، بەڵکـو ئاسـتی دەرەکیـش تـێ ئەپەڕێنێـت و، یاسـا و دامـەزراوە دادوەریـی و جێبەجێکردنـە نێودەوڵەتیـی و هەرێمییەکانیـش لـە خزمەتـی جێبەجێکردنـی ئەجێنـدا سیاسـییەکانی دا ئەبـن، چونکـە بڕیارەکانـی لـە لایـەن حوکومەتـی باڵادەسـت و حکومڕانیـی دەوڵەتـەوە جێبەجـێ ئەکرێـت. ئەگەرچیـی لەسـەر داوای دەسـەڵاتدارانیش یاسـاکانیش دەرئەچێـنرێ، ئەگەرچیـی مـاف خوراوانیـش ئەتوانـن مافەکانـی پـێ دەسـت بهێننـەوە. لەبـەر ئـەوەی دەوڵەتـی عێراقـی لـە ئێسـتا دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ نیـە و جێبەجێـکاری ئەجێنـدای دەرەکییـە، بۆیـە ئەکرێـت ئەجێنـدا دەرەکییەکانیـش لـە پشـت بەکارهێنانـی دەسـەڵاتی دادوەریـی بـن لـە دژی بەرژهوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان.

لـە دادگای فیدڕاڵـێ کەوانـی تیـری ئەندامـی هاوپەیمانـی سیاسـیی عەرەبـی، سـکرتێری حـزب، ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران، وەزیـری حوکومەتـی عێـراق، ئەندامـی ئەنجوومەنـی پارێـزگار، لـە نەتـەوەی عـەرەب و نەتـەوەی تورکـمان لـە هـەردوو ئاینـزای شیعە و سونیی بـووە دژی قـەوارە و هێـزی هەرێـم، لـە هەمـان کاتیشـدا کەوانی پارتـە نەیارە کوردییەکانـی وەك سـەرۆکی رەوت و ئەنـدام پەرلەمانـی کوردسـتان و ئەندامـی ئەنجومـەی پارێـزگا و ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران بـووە لـە هـەردوو ئاینـزای ئیسـلام و مەسـیحیی دژی پارتـە ململانێکارەکانـی هەرێـم، تەنهـا نەتـەوەی کـورد نەیتوانیـوە سـوود لـە دادگای بـاڵا ببینێـت بـۆ دەرچاندنـی بڕیـار لـە بەرژەوەندیـی دۆزەکـەی و هێـزی هەرێـم.

دادگای بـاڵا لـە هەندێـك دۆخـدا، مافـی یاسـا دانانـی بەخـۆی داوە و یاسـای دانـاوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، یاسـای هەڵبژاردنـی خولـی شەشـەمی پەرلەمانـی کوردسـتان بـە نموونـە. جگـە لـە پێشـێلکردنی مافـی پێکهاتـەکان و لابردنـی کورسـی پێکهاتـەکان، ئەمـەش پێچەوانـەی سـەرجەمی یاسـاکانی هەڵبژاردنـی کۆمـاری عێراقـی فیدڕاڵـە.

هـەر بەهـۆی بڕیارەکانـی دادگای فیدڕاڵیـی بـوو، مووچـەی سـەرجەم کارمەندانـی مەدەنیـی و سـەربازیی ڕەوانـەی هەرێمـی کوردسـتان کـرا بـۆ مووچـەی مانگـی شـوبات و ئـازاری ٢٠٢٤ و، لـە هەمـان کاتیشـدا هیـوا و فریادڕەسـی مووچەخـۆر و هەژارانـی کوردسـتانە.

## پێشنیارەکان:

درووستکردنی دەستەیەك کە پێکهاتبێت لە یاساناسان و ئەکادیمیی و سیاسیی ...هتد(چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، چ لەسەر ئاستی دەرەکیی). بە مەبەستی دەستنیشانکردنی بەتواناترین دادوەرانی نوێنەری هەرێم بۆ دادگاکە و، هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی و، پێشکەشکردنی داوا لە داگا بۆ ئەو کەیسانەی کە ڕەهەندی نیشتیمانیی و نەتەوەیی و سیاسیی و ئابووریی و سەربازیی و کۆمەڵایەتیی و یاساییان بۆ هەرێمی کوردستان هەیە.

٢. کارکردن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای فیدراڵیی بە جۆرێك پێکهاتەی دادگا، ڕەنگدانەوەی ڕێژەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی گەلی عێراق بێت، دەنگدان بۆ دەرکردنی بڕیار لەبەرامبەر پرسە کوردستانیی و پێکهاتە نەتەوەییەکانی تر بە دەنگی(١٠٠٪) هەمیشەیی ئەندامان بێت، ئەمەش ڕێگر ئەبێت لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە ڕەهەندی سیاسیی و دەستووریيان هەیە، چونکە قورسترە کە کۆدەنگیی نێوان کۆی پێکهاتە ئاینیی و نەتەوەییە جیاوازەکان درووست بێت بەرامبەر بە پێکهاتەیەکی دیاریکراوی عێراقیی.

٣.ئەگەر ئەندامانی یاسادانان و جێبەجێکردن لە ڕێگەی دەنگی هاوڵاتیانەوە بگەنە دەسەڵات، پێویستە ئەندامانی دادگای فیدراڵییش لە هەمان ڕێگەوە هەڵبژێررێن، بە ئامانجی سەربەخۆ هەبوونیان. بە پێی جوگرافیای پێکهاتەی ئیتنیی عێراق بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەش بکرێت کە ڕەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەخۆ بگرێت.

٤.سەرۆك کۆمار بە ئەرکی یاسایی و دەستووریی خۆی هەستێت بە چاودێرییکردنی بڕگەکانی دەستوور و بوارنەدان بۆ دەرکردنی بڕیاری نا دەستووریی دژی هەرێمی کوردستان و هەر پێکهاتەیەك و پارت و لیستی هەڵبژاردن و کەس و لایەنی تر.

٥.کارکردنی پێکەوەیی و تەبایی ناوخۆی نێوان پارتە ڕامیارییەکانی هەرێمی کوردستان، ئاشتبوونەوەی دەسەڵات و فەرمانبەر و مووچەخۆر و هاوڵاتیانی ماندووی قەیرانە یەك لە دوا یەکەکانی فەرمانڕەوایی حوکومەتی کوردیی، بە پێچەوانەشەوە بەردەوام نەیارانی دەسەڵات لە حوکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە تیرەکانیان لە دادگای فیدراڵییەوە ئاڕاستە ئەکەن. ئەو کاتەش پابەندبوون بە بڕیارەکان مانای لەقاڵبدانی زیاتری هێز و تواناکانی حوکومەتی هەرێمە و پابەند نەبوونیشی بە تاوانبار و لە یاسا دەرچوون لەسەر ئاستەکانی ناوخۆ و دەرەوە دێتە هەژمارکردن.

# قوة ومستقبل إقليم كوردستان في ظل قرارات المحكمة الاتحادية العليا دراسة في الجغرافيا السياسية

## الملخص

المحكمة الاتحادية أو المحكمة الدستورية أو مؤسسة مراقبة الدستور هي مؤسسات تتولى مراقبة دستورية القوانين والقرارات الصادرة عن السلطتين التشريعية والتنفيذية، بهدف حماية روح الدستور في الوحدة السياسية. وبعد سقوط نظام البعث، أنشئت المحكمة الاتحادية العليا للإشراف على دستورية القوانين والقرارات وحل النزاعات بين المؤسسات الرسمية والوحدات الإدارية في جمهورية العراق الاتحادية.

تهدف هذه الدراسة إلى تحديد مدى تأثر الوضع الحالي والمستقبلي لحكومة إقليم كردستان بالحرب القانونية والدستورية

ضدها. ولإنجاز هذه الدراسة تم الاعتماد على المنهج الوصفي.
هذه الدراسة هي أول دراسة في الجغرافيا السياسية توضح للقيادات السياسية والحكام كيفية التعامل مع هذه المؤسسة الرسمية والقضائية بما يخدم القضية الوطنية والإدارية في كردستان.
إنشاء المحكمة قبل صياغة الدستور الدائم أثار الشكوك حول دستورية المؤسسة لدى بعض الأطراف السياسية في إقليم كوردستان، لكن هذه الشكوك لم تمنع المحكمة من إصدار قرارات تمس بشكل مباشر الحياة السياسية والاقتصادية في إقليم كردستان.اضافة الى ذلك، تركت قرارات المحكمة اقليم كوردستان في فراغ قانوني وألغت المجلس التشريعي ومجالس المحافظات. ويمكن إلغاء مؤسسات أخرى وحتى كيان الاقليم في المستقبل.

# The Strength and Future of the Kurdistan Region in the Shadow of the Decisions of the Federal Supreme Court, a Study in Political Geography

## Abstract

The Federal Court, the Constitutional Court, or the Constitutional Oversight Institution are institutions responsible for monitoring the constitutionality of laws and decisions issued by the legislative and executive branches, intending to protect the Constitutional spirit within the political unit. After the fall of the Baath regime, the Federal Supreme Court was established. Its responsibilities include overseeing the constitutionality of laws and decisions and resolving disputes between official institutions and administrative units within the Federal Republic of Iraq.

This study aims to determine the extent to which the current and future status of the Kurdistan Regional Government is affected by the legal and constitutional challenges it faces. To complete this study, we relied on the descriptive approach.

This study is the first in Political Geography to guide political leaders and governors on how to engage with this official and judicial institution, thereby serving the national and administrative interests of Kurdistan

The establishment of the court before the drafting of the permanent constitution raised doubts about the constitutionality of the institution among some political parties in the Kurdistan Region, However, these doubts did not hinder the court from issuing decisions that had a direct impact on the political and economic landscape of the Kurdistan Region. Furthermore, the court's decisions, such as abolishing the Legislative Council and the provincial councils, left the Kurdistan Region in a legal vacuum. Other institutions and even the region's entity may be abolished.

## لیستی سەرچاوەکان

١-ابراهيم، علي فاضل، (٢٠٢٢)، نحو توسيع اختصاص القضاء الدستوري في القانون العراقي، مجلة رسالة الحقوق، العدد خاص بالمؤتمر القانوني الدولي الثاني المنعقد بتأريخ ٢٠/ ٧/ ٢٠٢٢،ص٣٦٠.

٢-الخفاجي، احمد علي عبود،و عبدالحسن، عمار ماهر،(٢٠١٨)، ، اختصاص المحكمة الاتحادية العليا في الرقابة على دستورية القوانين (دراسة تحليلية)، مجلة معين، العدد الاول، ص٢٠٦.

٣-خالد، حميد حنون،(٢٠١٣)، مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق، بغداد، مكتبة السنهوري، ص٣٨٠-٣٨١ .

٤-جهاز المخابرات الوطني، القانون الاساسي العراقي لعام ١٩٢٥.

https://www.inis.gov.iq/rules١.html,Feb١٩.٢٠٢٤.

٥-جمهورية العراق،مجلس القضاء الاعلى، قاعدة التشريعات العراقية، الدستور المؤقت لسنة ١٩٦٤. ئۆنلاین

https://iraqld.e-sjc-services.iq/LoadLawBook.aspx?page=١٠&SC= ٢٨١١٢٠٠ ٥٧٢٦٠٧٩٠&BookID=F١٩,٦٧٢٢ eb.٢٠٢٤. p.١٠.

٦- IDEA ، الدستور المؤقت ٢١ ايلول ١٩٦٨، ص٩٥.

https://constitutionnet.org/sites/default/files/interim_constitution_١٩٦٨.pdf,Feb١٩.٢٠٢٤.P.٩٥.

٧-مجلس النواب، الدستور العراقي.

https://iq.parliament.iq/الدستور-العراقي/,Feb٢٠.٢٠٢٤.

٨-پەرلەمانی کوردستان،بەبێ ساڵ، دەربارەی پەرلەمان.

https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/,Apr١.٢٠٢٤.

٩-جمهورية العراق، المحكمة الآتحادية العليا، سيرة ذاتية لاعضاء المحكمة الآتحادية العليا.

https://www.iraqfsc.iq/cvethadea.php/,٢٠٢٤February٥.

١٠-مجلس القضاء العراقي، ٢٠٢٤، رئيس مجلس القضاء الاعلى يستقبل محافظ الانبار و رئيس مجسل المحافظة, ٢/١٨/ ٢٠٢٤.

https://www.sjc.iq/view.٧٢٩٣٠/,Feb١٨.٢٠٢٤

١١-زێباری، عبدالرحمن سليمان،٢٠٢٤، ئەندامێکی کوردی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دەستی لەکارکێشایەوە، ١٢/ ٣/ ٢٠٢٤.

https://www.krjc.org/Default.aspx?page=article&id=٥١٧١٦&l=٣Mar١٣,.٢٠٢٤.

١٢-محمدامين، رزگار ، دادوەر، دیداری کەسی، ٣٠ مايس ٢٠٢٤.

١٣-پارێزگای سلێمانی،٢٠١٨، ئەنجومەنی پارێزگا،٢٠١٨/١/١٤.

https://slemani.gov.krd/so/pageDetail.php?secID=Apr١,٣١.٢٠٢٤.

١٤-سلطة الائتلاف المؤقت، قانون ادراة العراقية للمرحلة الانتقالية.

https://drive.google.com/file/d/view/١PgRdixcrdpfuhX٢RciP_mZrhTpI٢hUzU,Feb١٩.٢٠٢٤.P.١٠٨.

١٥-وزارة العدل، (٢٠٠٥)، دستور جمهورية العراق، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٠١٢)، ٢٨ كانون الاول ٢٠٠٥، ص١٩.

https://drive.google.com/file/d/١wNCs٨SKBQ٩rXyXWzl٤KSiaPy٢bHMT٩D١/view,Feb٢٢.٢٠٢٤.

١٦-المحكمة الاتحادية، ٢٠١٩، العدد ٨٩/ اتحادية/ ٢٠١٩.

.٢٠٢٤.٢٠Feb.pdf.٢٠١٩_fed_٨٩/https://www.iraqfsc.iq/krarid

١٧-وەزارەتی سامانە سروشتییەکان،٢٠٢٢، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەرکۆنەی هێرشەکانی سەر کۆرمۆردەکات، ٢٥تموز ٢٠٢٢.

.٢٠٢٤.٢١Mar/july/٢٠٢٢/https://gov.krd/mnr/activities/news-and-press-releases

/ وەزارەتی-سامانە-سرووشتییەکان-سەرکۆنەی-هێرشەکانی-سەر-کۆرمۆر-دەکات

١٨-وەزارەتی پێشمەرگە، ٢٠٢٤، ڕاگەیندراوێك لە وەزارەتی پێشمەگەر، ٢٠٢٤/١/٢.

-january/٢٠٢٤/https://gov.krd/mopa/activities/news-and-press-releases/ڕاگەیندراوێک-لە-وەزارەتی پێشمەرگەوە/Mar.٢٠٢٤.٢٠.

١٩-هەورامی، کارزان صباح، ٢٠٢١، هێرشی درۆنەکان بۆ سەر فرۆکەخانەی هەولێر شکستی بردووە، ١٣سێپتەمبەر٢٠٢١.

.٢٠٢٤.١٢٨٥٤٠,١٠Mar=a&١٣=https://www.kdp.info/a/d.aspx?l

٢٠-وزارة العدل،(٢٠٢٢)، جريدة الوقائع العراقية، قانون رقم (١) لسنة ٢٠٢٢النظام الداخلي للمحكمة الاتحادية العليا، العدد(٤٦٧٩)، ١٣حزيران ٢٠٢٢.

.٢٠٢٤.١٩,١٩Feb.pdf,p.٤٦٧٩/https://www.moj.gov.iq/upload/pdf

٢١-مجلس النواب، الدستور العراقي.

.٢٠٢٤.٢٠Feb,/الدستور-العراقي/https://iq.parliament.iq

٢٢-وزارة العدل، (٢٠٠٥)، النظام الداخلي للمحكمة الاتحادية العليا رقم(١) لسنة ٢٠٠٥، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٣٩٩٧)،٢ ايار٢٠٠٥.

.٧-٥.pp.٢٠٢٤.٢٠Feb,١hxcywfyjjVTFfrxoledE٣zipcY٥MZ٩KM/view/https://drive.google.com/file/d

٢٣-وزارة العدل،(٢٠٢٢) ، قانون رقم (١) لسنة ٢٠٢٢النظام الداخلي للمحكمة الاتحادية العليا، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٦٧٩)، ١٣حزيران ٢٠٢٢.

.٢٠٢٤.٢٢,١٩Feb-٥.pdf,p.٤٦٧٩/https://www.moj.gov.iq/upload/pdf

٢٤-رئاسه الجمهورية، قانون رقم(٤٥) لسنة٢٠٢١ قانون التعديل الاول (الامررقم٣٠ لسنة ٢٠٠٥) قانون المحكمة الاتحادية العليا،جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٦٣٥)، السنة الثانية والستون، ٧حزيران ٢٠٢١، ص١-٤.

.pdf.٤٦٣٥/https://www.moj.gov.iq/upload/pdf

٢٥-جمهورية العراق، المحكمة الاتحادية العليا، (بدون سنة)تصنيفات قرارات المحكمة الاتحادية العليا

٢٠٢٤.٢٠Feb,https://www.iraqfsc.iq/ethadai.php

٢٦-الحرة، (٢٠١٧)، سبعة في المئة فقط من اراضي العراق ترزح تحت داعش، ١١ ابريل ٢٠١٧.

.٢٠٢٤.٢١Feb,/https://www.alhurra.com/iraq

Kurdistan Regional Government of Iraq Oil production, export, consumption and revenue ,٢٠١٨,Deleitte-٢٧ .٢٠١٨ ٢٠١٧,١٣January June ٣٠ to ٢٠١٧ January ١ for the period

/٢٠٢٠١٧%٢٠Reports%٢٠Reports/Deloitte%٢٠Data/Deloitte%٢٠Open%https://cdn.gov.krd/Government

.٢٠٢٤.٢٥Feb,٢٠KU.pdf%٢٠Report%٢٠Public%٢٠٢٠١٧%٢٠H١%٢٠RCOG%Kurdish/Consolidated

٢٨-حکومەتی هەرێمی کوردستان،( ٢٠٢٣) ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت.

.٢٠٢٤.٢٦Feb,/https://gov.krd/information-and-services/open-data

٢٩-ی.ن.ك و پ.د.ك، ٢٠١٠، دەقی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان ی.ن.ك و پ.د.ك.

-٣٦-٠٦-٠٢-٠٦-٧٢٦٢:٢٠١٠=http://pukmedia.com/kurdish/index.php?option=com_content&view=article&id

.٢٠١٠.٣Jun, ٣٦١ =Itemid&٥٥-١١-١٤-٠٨-١٠-٢٩:٢٠٠٩=catid&٢٧

٣٠- سەرۆکایەتی هەریمی کوردستان، ٢٠٢٤، سەرۆکایەتی هەریمی کوردستان هێرشەکەی سەر هەولێر سەرکۆنە دەکات،٢٠٢٤/١/١٦.

.٢٠٢٤.٢٦Jun,/https://presidency.gov.krd/kurdistan-regional-government-condemns-the-attack-on-erbil

٣١-کەریم، ئەحمەد رەفیق، ٢٠١٩، جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای رامیاریدا، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ل١١٦-١٢١.

محافظة اربيل، ممثليات الدول الاجنبية،

.٢٠٢٤.٢٦Feb,https://www.hawlergov.org/app/ar/representations

٣٢-گوتەبێژی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان،لێدوانێك لە گوتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی ئایندەی سووریا.

.٢٠٢٤.٢٦Feb,=https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=SMFRSxBYblM

.Our Work In Iraq ,٢٠٢٣,Transparency International

.٢٠٢٤.١Mar,https://www.transparency.org/en/countries/iraq

٣٣-وكالة الامم المتحدة للهجرة، ٢٠١٨، العراق ازمات النزوح ٢٠١٤- ٢٠١٧،

.٤٤-PP٤٣.٢٠٢٤,١Mar,pdf.١_files/documents/report-in-arabic/https://iraq.iom.int/sites/g/files/tmzbdl١٣١٦

٣٤-سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان،٢٠٢٤، سەرۆك نێچیرڤان بارزانی: جێبەجێنەکردنی فیدراڵی، سەرچاوەی کیشەکانی عێراقە، ٢١ شوبات٢٠٢٤.

https://presidency.gov.krd/president-nechirvan-barzani-the-failure-to-implement-federalism-is-the-source-
٢٠٢٤.٢١Feb,/of-iraqs-problems

٣٥-ئەنجومەنی نوێنەران، (٢٠٢٤)، دکتۆر شاخەوان عەبدوڵا لە هەولێر: سەردانی شاندەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ شوێنی بۆردومانەکەی ئێران جەختدەکات، هیچ پاساوێك نیە بۆ ئەو دەستدرێژییە بە موشەکی بالیستی جەنگی، ٢١ینایر٢٠٢٤.

https://iq.parliament.iq/ku / دکتۆر-شاخهوان-عهبدولا-له-ههولێ /

٣٦-المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠١٧،العدد: ٨٩و ٩١و ٩٢و ٩٣/ اتحادية/ ٢٠١٧.

.٢٠٢٤.٢Mar,pdf.٢٠١٧_fed_٨٩/https://www.iraqfsc.iq/krarid

٣٧-کریم، ئەحمەد رەفیق، ٢٠٠٩، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەك لە جیۆگرافیای سیاسیدا،نامەی ماستەر، بڵاوکراوە، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی،ل ٤٧.

٣٨-المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠١٩، العدد: ٥٩/ اتحادية/ ٢٠١٢ و موحدتها ١١٠/اتحادية/ ٢٠١٩.

.١٥-١.PP.٢٠٢٤.٢Mar.pdf.٢٠١٢_fed_٥٩/https://www.iraqfsc.iq/krarid

٣٩-المحكمة الاتحادية العليا،٢٠٢٢، المحكمة الاتحادية العليا تحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لحكومة اقليم كردستان و الغاءه،.

٢٠٢٤.٥Mar,/٤٨٠٥.https://www.iraqfsc.iq/news

٤٠-جمهورية العراق،٢٠٢٣، مجلس القضاء الاعلى، قاعدة التشريعات العراقية،قانون المرافعات المدنية رقم ١٦٠ لسنة ١٩٧٩.

٢٥٨٣٢,٣M=BookID&١٢٠١٢٠٠١٩١١٥٩٤٧=SC&٤=https://iraqld.e-sjc-services.iq/LoadLawBook.aspx?page.P٤.٢٠٢٤.ar

٤١-المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٤، المحكمة الاتحادية العليا تلزم الحكومة الاتحادية و حكومة الاقليم بصرف الرواتب.

.٢٠٢٤.٥Mar,/٥١٢٠.https://www.iraqfsc.iq/news

٤٢-المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٢، العدد: ٢٣٣ و موحداتها ٢٣٩ و ٢٤٨ و ٢٥٣/اتحادية/ ٢٠٢٢.

.٢٠-١.PP,٢٠٢٤.٥Mar,pdf.٢٠٢٢_fed_٢٣٣/https://www.iraqfsc.iq/krarid

٤٣-المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٣، العدد: ١٢٤/ اتحادية/ ٢٠٢٣.

.٩-١.PP,٢٠٢٤.٦Mar,pdf.٢٠٢٣_fed_١٢٤/https://www.iraqfsc.iq/krarid

٤٤-المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٣، العدد: ٨٣ و موحدتيها ٣١و ١٨٥/اتحادية/ ٢٠٢٣.

.٢٣-١.PP.٢٠٢٤.٦Mar,pdf.٢٠٢٣_fed_٨٣/https://www.iraqfsc.iq/krarid

٤٥-وزارة العدل،٢٠١٩، قانون رقم(٣١) لسنة ٢٠١٩ قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات،

.١١-١.PP.٢٠٢٤.٧Mar,pdf.٤٥٦٩/https://moj.gov.iq/upload/pdf

٤٦-مجلس النواب، ٢٠٢٣، مجلس النواب يصوت على تعديل قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات.

.٢٠٢٤.٨Mar,/مجلس-النواب-يصوت-على-تعديل-قانون-المفو / https://iq.parliament.iq/blog

٤٧-المحكمة الاتحادية، ٢٠٢٣،العدد: ٨٣ و موحدتيها١٣١و ١٨٥/اتحادية/ ٢٠٢٣.

.٢٠٤.١٠Mar,pdf.٢٠٢٣_fed_٨٣/https://www.iraqfsc.iq/krarid

٤٨-پارتی دیموکراتی کوردستان،٢٠٢٤، ڕاگەیەندراوێك لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

.٢٠٢٤.١٤١١٧٨,١٢Mar=a&١٣=https://www.kdp.info/a/d.aspx?l

٤٩-مسعود برزاني،(٢٠٢٤)، في حوار حصري مع منوت كارلو الدولية, الزعيم الكردي مسعود برزاني يقول ان النموذج الديموقراطي مهدد في العراق، ٢/٢٧/ ٢٠٢٤.

.٢٠٢٤.٢٩Feb,https://www.mc-doualiya.com

٥٠-پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٤، پەیامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی(٣٣)هەمین ساڵیادی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمان.

.٢٠٢٤.١٤١٣٦٤,٤Mar=a&١٣=https://www.kdp.info/a/d.aspx?l

٥١-پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی پارتی بەیاننامەیەکی لە بارەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بڵاوکردەوە.

.٢٠٢٤.١٤١٣٧٩,٥Mar=a&١٣=https://www.kdp.info/a/d.aspx?l

٥٢-پارتی دیموکراتی کوردستان، بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
.٢٠٢٤.١٤١٥٣٣,١٨Mar=a&١٣=https://www.kdp.info/a/d.aspx?l
٥٣-مسـعود بارزانـی،(٢٠١٧)، سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ ژمارەیـەك رۆشـنبیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و هونەرمەنـدی کوردسـتان کۆبـۆوە.
.٢٠٢٤.٢٠Mar,=https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=gCwyKMyluaU